# پەیام

ژمارەی (18) ئاپڕیلی 2005ی زایینی ـ خاکەلێوەی 1384هەتاوی




## بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان، هەنگاوێکی شاد و منداڵانا بۆ پێشەوە

بڕوانە ل 2

## ئاخۆ دایکی ڕەشپێست دەزانێ " هێلیکۆپترەکانی ئاغای بووش" لە کوێن؟

دوو چەشنە کارەسات هەن کە گەورەترین خەسارەتی گیانی و ماڵی بە مرۆڤ دەگەیەنن؛ یەکەمیان کارەساتە سرۆشتیی‌یەکانن لە چەشنی بومەلەرزە، لافاو و ... هتد. دووهەمیان، کارەساتەکانی دەستکردی خودی مرۆڤن کە بریتین لە شەڕ، تیرۆریسم، پەرەدان بە هەژاری و نەخۆشی و ... هتد. کارەساتە سرۆشتیی‌یەکان لەوانەیە ڕاستەوخۆ تاوانیان لە ئەستۆی هیچ کەس نەبێت. بەڵام کارەساتەکانی تر هەمیشە تاوانبارێکیان هەیە.

بە کەڵک وەرگرتن لە زانست و کەرەستەی مۆدێرنی ئەوڕۆیی زۆر بە ئاسانی دەکرێت پێش بە زەرەر و زیانە گیانییەکانی کارەساتە سروشتی‌یەکان بگیرێت. بۆ نموونە دەتوانین چەندین ڕۆژ پێش لە ڕوودانیان ئاگادار بین، لێیان دوور بکەوینەوە و زەرەر و زیانەکانیان بە لانیکەم بگەیەنین. بەڵام کارەساتە دەستکردەکانی مرۆڤ کاتێک بەردەرکی پێ گرتین نە دەتوانین بەو ئاسانی‌یە لێیان دوور بکەینەوە و نە لە کاتی ڕوودانیان‌دا خۆمانیان لێ بپارێزین. بۆ نموونە زۆربەی قوربانیانی شەڕەکان خەڵکانی دەستکورت و هەژارن، منداڵان و پەککەوتووانی ئەو وڵات، ناوچە و کۆمەڵگەیەن کە لە دژیان و لەوێ شەڕ هەلگیرساوە. هەروەها قوربانیانی برسییەتی و هەژاری، بایەخنەدان بە چارەسەری نەخۆشی‌یەکان و نەگەیاندنی دەوا و دەرمانی پێویست بۆ ناوچە گیرۆدە بووەکان، چین و توێژە کەم دەسەڵات و هەژارەکانن. ئەم بەشە لە خەڵک چوونکە دەسەڵاتی بەهێزی ئابووری و نیزامی بەردەوام و بە پێی سیاسەت و نەخشەی وورد و لە پێشدا داڕێژراو لە دژیان چالاکە، ناتوانن بەو ئاسانی‌یە خۆ لە نەهامەتەکانی کارەساتەکان ڕزگار بکەن.

بڕوانە ل 9

## داهاتووی کێشەی فەلەستین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی‌تر نادیارترە

فارق نەقشی:



داهاتووی کێشەی فەلەستین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی‌تر نادیارترە. ئەوەی بە چارەسەری سەرەکی کێشەکە بگەڕێتەوە، واتە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی، بە هاتنە مەیدانی ئاریەل شارۆن و دەوڵەتەکەی و بە تایبەت بە هێنانە ئارای گەڵالەی «چۆڵ کردنی غەزە»، بە تەواوی تووشی مەترسی بووە و ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ ڕەچاو ناکرێ. هێزە فەلەستینی‌یەکان یەکجار ڕاڕا و ناشێلگیر و لە هەمان کاتیشدا بێ دەسەڵات و بێ پشتیوانن. دەوڵەتە عەرەبی‌یەکان بێ جۆربزە و بێ دەربەسنو بۆ زەخت خستنە سەر ئیسرائیل و ئەمریکا هیچ ناکەن و مشووری بۆ ناخۆن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پەڕی بێ دەسەڵاتی‌دا بڕیارنامەکانی یەك لە دوای یەك دەخرێتە ژێرپێ و تەنیا شەرمەزاری بۆ ماوەتەوە.

بڕوانە ل 4

## بزووتنەوەی ژنان لە کوردوستان، هەلومەرج و کیر و کرفتەکان

لەم چەند ساڵەی دووای‌دا بزووتنەوەی یەکسانیخوزانەی ژنان لە کوردوستان زیاتر لە هەمیشە مۆری بوونی خۆی بەسەر ڕەتی ڕووداوەکاندا چەسپاندووە. بە دەیان ڕێکخراوی ژنان پێکهاتوون و هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ناوەند و ڕێکخراوگەلێکی زۆرتر لە ئارادایە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەم بزووتنەوەیە بەو شێوەیەی کە دەبووا و دەبێ نەیتوانیووە لە بەرەوپێش بردنی داخوازییەکانی ژنان و دژایەتی بنەماکانی هەلاواردنی جنسی سەرکەوتوو بێت. دیارە چەندین فاکتەری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەریان لە سەر ئەم ڕەوتە هەبووە. بۆ نموونە زۆربەی ژنان لە کوردوستان خانەدارن، تێکەڵی بازاڕی کار نیین، دانیشتووی گوندەکانن و لەم ڕووەشەوە تێکەڵی ئەو ڕێکخراوانە نیین کە ژنانی تر پێکیان دێنن. ئەم بار و دۆخە لە جەماوەری نەبوونەوەی بزووتنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانی‌دا ڕەنگی داوەتەوە.

تا ئەو شێوەی بە ڕێکخراوەکانی ژنان دەگەڕێتەوە هەرکامەیان هەڵگری ڕوانگەی جیاوازن. بە داخەوە ڕوانگەی لیبراڵی لەناویاندا گەلێک بەهێزە و بە پێچەوانەش ڕوانگەی ڕادیکاڵ لاوازە. ژنانی پێشڕەو و کرێکار نەیانتوانیووە شوێن پێ‌یەک لە سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوانەدا پەیدا بکەن و لەم ڕووەشەوە کاریگەری دابنێنە سەر سیاسەت و کردەوەیان.

بڕاوە ل 3

## هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بەهێز بوونی تیرۆریسمی ئیسلامی



تیرۆریسمی ئیسلامی بەڕێوەیە تا شانبەشانی گلۆبالیزاسیون ڕێگای جیهانی بوونی خۆی بپێوێ و شوێن پێی سنوورەکان بسڕێتەوە. هێرشە تیرۆریستی‌یەکەی 11 ی سپتامبر و لەوانە وێرانکردنی ناوەندی بازرگانی جیهانی، هەنگاوێکی گرینگ بوو ـ بەڵام نەک یەکەمین هەنگاو ـ بۆ ناساندنی سیمای جیهانی بوونی تیرۆریزمی ئیسلامی. لە گەڵ خۆتەقاندنەوەکانی ئەم دوایانە لە لەندەن، مێژووی ئوروپاش یەکەمین خۆتەقاندەوەی بە مەبەستی سیاسی-مەزهەبی لە لاپەڕەکانی خۆی‌دا تۆمار کرد. لە پەراوێزی ئەم دوو ڕووداوە سەرنجڕاکێشەدا بە سەدان و بگرە هەزاران هێرشی خۆتەقاندنەوە و کردەوەی تری تیرۆریستی لە لایەن ئیسلامی‌یە توندڕەوەکانەوە لە جیهان ڕوویان داوە کە لە بواری زەرەر و زیانی گیانی‌دا بە تراژیدیا بۆ مرۆڤایەتی دەژمێردرێن.

بڕوانە ل5

## payam.se

مەڵپەڕی نوێی گۆڤاری پەیام لە سەر تۆڕی ئینترنێت!

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە گۆڤاری پەیام لە درێژەی هەڵسوڕانی خۆی دا مەڵپەڕێکی نوێی لە سەر تۆڕی ئینترنێت کردۆتەوە. بە کەڵک وەرگرتن لە ناو و نیشانی: www.payam.se دەتوانن لە بابەتە چاپکراوەکانی گۆڤاری پەیام و گەلێک بابەتی تر کەڵک وەر بگرن.

## ڕاپۆرتێک لە لایەن حەفتەنامەی "کرێکار"ی سوئێدەوە سەبارە بە ڕووداوەکانی ئەم دووایانەی کوردوستان

بڕاوە ل 8

## گەمەی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران.

- ئەم ڕۆژانە دیسانەوە گەمە و ململانیە دیپلۆماسی‌یەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران‌دا پەرەیان سەندووە. دیارە هەرچەشنە ناکۆکی‌یەک لە نێوان ئەم دوو لایەنە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر خەڵکی ئێران بە گشتی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە بە تایبەتی دەبێت.
- دیارە کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە ئەگەر کێشەکە بگاتە شۆرای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوا لەوانەیە چین و ڕوسیا بە کەڵک وەرگرتن لە مافی وتۆی خۆیان پێش بە هەڕەشەی وەک گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئێران بگرن. بڕاوە ل 7

## ووتەیەک بۆ بێدەنگیتان...!

- لە پەراوێزی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم دواییانەی ناو ئێران و بە تایبەت کوردوستان، زۆر ئاشکرا ئەو گرایشانە دەرکەوتن کە بڕوایان بەوە نەماوە چیدی لایەگری لە بزووتنەوەی جەماوەری بکەن. بڕوانە ل 6

# بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان، هەنگاوێکی شاد و منداڵانا بۆ پێشەوە



سووسەن بەهار
و. عوسمان.م

زەرورەت و پێویستیی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان. قسە کردن لەم پێویستییە، نەک هەر ئەرکی هەڵسوراوانی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵانە، بەڵکو کێشەی نێوان راوێژکارانی گەورە و بچوکی سەرمایەداریشە. چونکە لەباری تیوریەوە سەلمێندراوە کە کاری منداڵان نەک هەر بە توندی پەرە بە هەژاری ئەدا، بەڵکو ئاستی زانست، خوێندن و پسپۆری دادەبەزێنێ و ئەمە بە نۆرەی خۆی لە بەهرە هێنانی سەرمایە کەم دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە زۆر زیاتر لەوەیکە ئەدرێ بە کرێکارانی بچوک، سەرفی داپۆشینی لایەنەکانی ئەم کارە دەکرێ کە بە داپۆشراوی بمێنێتەوە. سالەهایە کە بۆ سور راگرتنی ئەم دەم و چاوە، سەرمایەداری لەبری شەپلاخە لێدان، سوراوی لێ ئەدا.

باسی ئەمرۆ لە نیوان پسپۆرانی ئابوریی کومپانیا گەورە نێونەتەوەییەکان، ئەوەیە کە کاری منداڵ خەریکە دەبێ بە دیاردەیەکی دەست و پێگر. ئیتر ناکرێ بە شەپلاخە لێدان ئەم دەم و چاوە سوە رابگیرێت، شین بوەتەوە و بەدەرەوەیە. مەسرەفی ئابوری و زەبرێکی ئابرویی کە ئەم کۆمەڵگایە بە ئاشکرا بونی بابەتی شاراوەی کاری منداڵان لێی کەوتوە، زۆر قورس و گرانە. هاوکات لەگەڵ حەرەکەتە نارەزایەتیەکان و چالاکییە کولتوریەکانی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان، خاوەنانی سەرمایە و ئورگانە گەورە و بچوکەکانیشیان کۆبونەوە و وتووێژ و راوێژی زۆریان ئەنژام داوە. بانکی جیهانی، کومپانیا جیهانییەکان و هتد، دەیانەوێ لە قازاجی کارێک کە دەست چکۆلەکان و پێ چکۆلەکان بۆ سەرمایەدارانی گەورە و بچوک بەدەستی دێننچاو بقونجێنن؛ بەڵام ناتوانن بەم شێوەیەش بە بێدەنگی درێژە بە بەهرە کێشی و چەوسانەوە بدەن سەرەرای سەرکەوتنی کاتیی سەرمایەداری لە نەگۆڕ نیشاندانی وەزعی ئێستا و

پێک هێنانی جەوی نائومیدی، بێ لایانی و لاوازی لە زۆربەیکرێکاران و تاک تاکی کۆمەڵگا، خودی ئەو لە ئێمە باشتر ئەزانێ کە خەڵک، فاکتۆرێکی گرنگە.
دەزانێ کە ئەگەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان

بسەپێنێ، وەک: "کونوانسیونی مەنعی کاری پڕ مەترسیی منداڵ" و "کونوانسیونی 182ی رێکخراوی جیهانیی کار". لە لایەن هەر ئەم دامەزراوەشەوە پاشەکشەیەکە بەرانبەر بە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و نیشاندانی حەساسیەتی کۆمەڵگا بەرانبەر بە دیاردەی کاری منداڵ هەرچەندە کە هێشتا زیاتر لە نیوەی خەڵکی جیهان یان ئاگاداری ئەم دیاردەیە نین، بە سروشتیی دەزانن و لە دژی نارەزایەتیەک دەر نابرن. هەرچەندە کە لەوانەیە بە روالەت قازانجیشیانی تێدا نەبێ، بەڵام خودی دیاردەی شەرافەت، ناسکی، راستگۆیی و ساکاریی منداڵی بە جۆرێک کاریگەرە و هەست بزوێنە، کە یارمەتی بە گەشەی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ کردوە.

**ئایا دەکری دڵ بەم برە گۆڕانکاریانە خۆش بکرێ؟**

بەڵێ و نە! سروشتیە کە دانانی قانون و پەسەند کردنی کونوانسیونەکان، بە مانای بەکار هێنانیان و یان کافی بونیان نییە،

منداڵدا هەیە، سەرتاسەری بونیەتی و ئەوەیە کە ئینگلیسی، ئیتالیای و ئێرانی، سویدی و ئەفریقایی، هێندی و پاکستانی ناناسێت؛ شاد و هیوادار بون و پشت ئەستور بە هێزی خۆیەتی. سەرەڕای ئەوەیکە بابەتی کاری ئێمە لە خەمگینترین و دڵتەزێنترین بەشە کۆمەڵایەتیەکانە و لێرە لەگەڵ لەشە بریندارە سوتاوەکان، وێران و تێک شکاوەکانی رۆڵەکانی من و تۆ سەر و کارمان هەیە، بەڵام هێز و توانامان لە دەنگی هەنگاوە شاد و منداڵانە و دڵی گەرمیان، سەرەڕای سەردیی زستان و هەژاری و کویلەتی، وەردەگرین. ئەم خاڵە لەبارە، ئەم باوەر بە سەرکەوتنە، لە دژی سەرمایەداری و هەوڵدانی بۆ سەلماندنی بێ ئەملا و ئەولا نەگۆڕی بارودۆخی ئێستا، بە بەر چاوی کراوەی بەشەریەتەوە_ هەرچەندە بیدەنگ_ هاتوەتە مەیدان.

ئەمە دڵخۆشییەکی راستەقینەیە، شایستەی ئینسانێکە کە لەسەر ژینگەی دەوروبەری خۆی تەئسیر دادەنێ و هەر بەم هۆیە رەوایە و رێخۆشکەرە. ئەم دڵخۆشیە یانی بە ئێمە بوونی من و تۆ. شتێک کە من خۆم بە چاوانی خۆم لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەی ئاشناییم و هاوکاریم لەگەڵ بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ بینیومە. تا ئێرە



بەردەوام بن، بنیادی ژێرەوژور

## دیاردەی شەرافەت، ناسکی، راستگۆیی و ساکاریی منداڵ بە جۆرێک کاریگەرە و هەست بزوێنە، کە یارمەتی بە گەشەی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ کردوە

دەکەن. کەوایە گرنگی بە بیروڕای گشتی ئەدا، میلیاردەها پاشەکەوت دەکا کە چەوسانەوەی ئینسان بە رەوا نیشان بدا. تێک دەدا، تەبلیغ دەکا، تیوری دەتاشی، حەوت ئاسمان و دەریا بە کار دێنی، نەک بۆ ئەوەیکە بزوتنەوەکە بفرۆشێ، بەلکو بتوانێ خاوەنانی هێزی کار لە دۆخی فرۆشەرێکی بێدەنگ و هەرزان رابگری.
لە جەرگەی ئاوا هەلومەرجێک دا، پێگرتن، هەنگاو نان، و مانۆر دانی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان، ناچاری کردون بکەونە خۆ. چونکە تا ئێستا هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە درێژایی قۆناغی سەردەم نەیتوانیوە، لە ماوەی کەمتر لە 5 ساڵ پەسەند کردنی 2 کونوانسیون بە سەر سەرمایەداری دا

بەڵام هەمومان دەزانین کە قانونەکانی هەر کۆمەڵگایەک لە هەمان کاتدا بەیانگەری نرخەکانی ئەو کۆمەڵگایەن. بونی ئەم قانونانە، دەستی تێکۆشەران و هەڵسوراوانی فەرهەنگی بۆ بەدوادا چونی مەسەلەکان ئاواڵە ئەکا. هەروەها زامنی بەرێوە چونی یاساکان، و زیندو راگرتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیاریکراوە. چونە پێش لە قانونەکانی ئێستا و دانانی قانونی تازە کە خاڵی دەست پێکردنیان هەیبەتی ئازادیی ئینسانە، نەک پێشێل کردنی، بەڵکو سەرکەوتنی یەکجارەکیی ئەم بزوتنەوانەیە.

**ئەم دڵخۆشیە تا چ ڕادەیەک پەسەندە؟**

خاڵێک کە لە شێوەی خەبات و وورەی کرێکارانی فەرهەنگیی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری

ئەم دڵخۆشیە نەک هەر پەسەند و مەعقولە، بەڵکو لازم و پێویستە. بەڵام برێک بیروبۆچون لەم بزوتنەوەدا هەن کە دڵیان هەر بەم لانیکەمانە خۆشە و بە فورمولە تاشینی وەک: "مەسەلەکە لە ئەساس دا دەگەرێتەوە بۆ هەژاری"، بە کەم رازی دەبن. وەک بڵێی هەر ئێستا و بە پاڵپشتی بەشێکی کەم لە ئیمکاناتی مەوجود لە کۆمەڵگا دا ناتوانرێ هەژاری بنبڕ بکرێ، وای نیشان ئەدەن کە هەژاری دیاردەیەکی ئەبەدی و هەتاهەتاییە و ناکرێ دەست لە قەوارەکەی بدرێ. بەکەم رازی بون لە خۆی دا لە جێدا خۆلانەوەیە و لە کوتایی دا بەرەودوا چونەوەیە و ئەمە ناپەسەندە. ویروسی چاو لە دەستیی سەرەوەی بە دواوەیە و لە نیهایەت دا، دەبێتە هۆی بونی ئەم بزوتنەوەیە بە پاشکۆی سیاسەتەکان و بالادەستان بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی بن دەست.

> **سوسیال دیمۆکراسیش لە ریگای پارلەمان تاریسمیەوە لە هەمو جیگایەک لە حالی بڕینی سەری ڕادیکالیسمدا دەر دەکەوێ. داخوازی "پارلەمانیی منداڵان" کە لە بریارنامەی منداڵان دا هاتوە، نۆبەرەی باخی ئەم بۆچونەیە**

هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بە هەر داخوازیەکەوە، بە پێی ئەسول مەرجی بون و بەردەوام بونی خۆی واوەتر چون لە جێ و شوێنی ئێستایەتی.

**بۆچی هەنگاوێک بۆ پێشەوە؟**

خۆپیشاندانی جیهانیی منداڵانی کرێکار بە داخوازی قەدەغە بونی کاری پڕ مەترسی بۆ منداڵان و بەدیلی خوێندن بۆیان، تەنانەت دانانی پۆلی خوێندن بۆ منداڵانی کرێکار لە شوێنی کاریان ئەنجام دراوە. "یونیسێف" و رێکخراوەکانی تری لەم چەشنەش واوەتر چوە و بەرنامەکانی فێر کردن بە پێی نیازەکانی کاری منداڵان دارێژراوە، نەک بە پێی ستانداردە نێونەتەوەییەکان.
پاش تێپەر بونی چەندین ساڵ، ئەم خواستە بە جوانترین راگەیاندن _ بە هەمان شێوە کە لە بریارنامەی منداڵان دا دەیبینن _ گۆڕاوە بە قەدەغە وبونی تەواوی شێوەکانی کاری منداڵ و گۆڕینی بۆ خوێندنی بە خۆرایی، ناچاری، و بە چونایەتیی بالا. رونە کە داخوازیەکان و روانگاکانی بزوتنەوەیەک نەک هەر ناسێنەریەتی، بەڵکو جەوهەری بەردەوام بوونی و حەرەکەتی پێشرەوانەی لە ناخی خۆیدا هەیە.

**لاوازی و کەمبودەکان و ئاگاداریەکان**

جۆراوجۆری و بونی بیر و بۆچوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ و خۆپیشاندانی جیهانی لە دژی کاری منداڵ، هەر لە سەرەتاوە مەسەلەیەکی قەبوڵ کراو بوو.



# بزووتنەوەی ژنان لە کوردوستان، هەلومەرج و گیر و گرفتەکان

سدیقە موحەمەدی

سەرەکیترین گیر و گرفتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان ڕێکخراو نەبوونە. هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو و لەیەک بڕاون و هەوڵ و کۆششەکانیان بە شێوەیەکی هاودەنگ و هاوڕیز نییە کە کاریگەری و دەوری ئەوانی لە بەرەوپێش بردنی خواستە هاوبەشەکانیان لاواز کردووە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان لە کوردوستان زیاتر لە هەمیشە مۆری بوونی خۆی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا چەسپاندووە. بە دەیان ڕێکخراوی ژنان پێکهاتوون و هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ناوەند و ڕێکخراوگەلێکی زۆرتر لە ئارادایە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەم بزووتنەوەیە بەو شێوەیەی کە دەبووا و دەبێ نەیتوانیووە لە بەرەوپێش بردنی داخوازییەکانی ژنان و دژایەتی بنەماکانی هەڵاواردنی جنسی سەرکەوتوو بێت. دیارە چەندین فاکتەری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەریان لە سەر ئەم ڕەوتە هەبووە. بۆ نموونە زۆربەی ژنان لە کوردوستان خانەدارن، تێکەڵی بازاڕی کار نیین، دانیشتووی گوندەکانن و لەم ڕووەشەوە تێکەڵی ئەو ڕێکخراوانە نیین کە ژنانی تر پێکیان دێنن. ئەم بار و دۆخە لە جەماوەری نەبوونەوەی بزووتنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

تا ئەو شوێنەی بە ڕێکخراوەکانی ژنان دەگەڕێتەوە ڕوانگەی جیاواز لە ناویاندا زۆرە. بە داخەوە ڕوانگەی لیبرالی گەلێک بەهێزە و بە پێچەوانەش ڕوانگەی ڕادیکاڵ لاوازە. ڕوانگەی لیبرالی هەوڵی داوە ئیسلام بکاتە دۆستی ژن و ناتەبایەکانی ئەم ئایینە و دەوڵەتەکەی لە گەڵ خواستی یەکسانیخوازانە بشارێتەوە. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە هەوڵیان داوە کە خواستی جیایی دین لە دەوڵەت لە خواستەکانی بزووتنەوەی ژنان کەم کەنەوە و لەم ڕووەشەوە نەهێڵن خواستی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ببێتە خواستی ئەم بزووتنەوەیە. بەداخەوە ژنانی پێشڕەو و کرێکار نەیانتوانیووە شوێن پێیەک لە سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوانەدا پەیدا بکەن و لەم ڕووەشەوە کاریگەری دابنێنە سەر سیاسەت و کردەوەیان.

بەڵام ئەم کەم و کوڕیانە و زاڵ بوونی ڕوانگەی لیبراڵی بەسەر ڕێکخراوەکانی ژناندا نەیتوانیووە کەش و هەوای تێکۆشان و خەباتی ژنان بۆ ڕزگار بوون لە زنجیر و ئەسارەتی پیاومەزنی لێڵ بکەن. ئاسۆی ئەم خواستە وەکوو ئاوات و ئارەزوویەکی گشتی زیاتر لە هەمیشە لە دڵی میلیونی ژنی چەوساوەدا گەشاوەیە.

سەرەکیترین گیر و گرفتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان ڕێکخراو نەبوونە. هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوە بە شێوەیەک بەربڵاو و لەیەک بڕاون و هەوڵ و کۆششەکانیان بە شێوەیەک هاودەنگ و هاوڕیز نییە کە کاریگەری و دەوری ئەوانی لە بەرەوپێش بردنی خواستە هاوبەشەکانیان لاواز کردووە. ڕێکخراو نەبوون و هاوئاهەنگ نەبوونی هەڵسوڕانی ئەم بزووتنەوەیە چەندین هۆکاری سەرەکی هەیە کە زۆربەیان لەو هەلومەرجە سەرچاوە دەگرن کە ئەوڕۆ لە سەرتاسەری ئێران حاکمە. دەسەڵاتی 26 ساڵەی ڕژیمێکی دژی ژن و دژی ئازادی، نە تەنیا سەرەتاکانی هەلومەرجێکی لەباری بۆ خەباتی ئەم بزووتنەوەیە هەموار نەکردووە، بگرە بە پێی نەخشەی داڕێژراو و لە سەر ئەساسی سیاسەتێکی بە تەواو دژی ژن و دژی یەکسانیخوازی، بنەما سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانی دامەزراندووە، بە شێوەیەکی سیستێماتیک هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەی زیندانی، ئەشکەنجە و ئێعدام کردووە و لە ڕێگەی پەرەدان بە داب و نەریتی دواکەوتوو ژنی کردۆتە بەندێکی بێ ناونیشانی نێو کۆمەڵ و بنەماڵە. لەو شوێنانەش کە ژنان نەبوونەتە قوربانی ئەم سیاسەتە و نەکەوتوونەتە داوای ئەم پیلانانەوە و توانیویانە ڕێکخراوگەلێک پێکبێنن یەکسەر دەوڵەت هەوڵی دەستبەسەردا گرتن و کۆنترۆڵ کردنیانی داوە. هەوڵی داوە بە نفوز کردنە ناویان و ناردنی کەسانی خۆی بۆ ناویان، ئەو ڕێکخراوانە لە ناوەرۆکی ڕادیکاڵ و پێشکەوتووخواز بەتاڵ بکات، هەوڵی داوە ژنانی پێشڕەویان لێ دوور بکاتەوە و دەوریان بە لانیکەم بگەیەنێت. لە ئاکامی ئەم هەوڵانەی ڕژیمدا ڕوانگەی لیبرالی لە نێو ڕێکخراوەکانی ژناندا گەلێک بە هێز بووە. لە لایەکەوە "فمێنیسمی ئیسلامی" هێنراوەتە نێو ئەم بزووتنەوە و لە لایەکی تریشەوە ناو لە "فێمێنیستی کوردی" دەبرێت.

فمێنیسمی ئیسلامی لە ناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردوستان هیچکات نەیتوانیووە جێ پێیەکی پتەو بدۆزێتەوە و دەکرێت بڵێین لە کوردوستان شکستی خواردووە. فمێنیسمی کوردیش نە توانیویەتی و نە دەتوانێت جوابدەرەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان بێت. خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسی بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بێت دەبێ سنووری نەتەوەیی، ڕگەزی و مەزهەبییەکان بسڕێتەوە. پەیوەندانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان بە خەباتی نەتەوەییەوە بە کردەوە یانی بێ ئەهمیەتکردنی ئەو بزووتنەوەیە. خەباتی یەکسانیخوازی ژنان دەبێ سەراسەری و بە دوور لە هەرچەشنە تەعەسوبێکی نەتەووەیی، ڕەگەزی و مەزهەبی بێت. ئەم مەرجانە هەر وەک چۆن بۆ خەباتی چینایەتی چینی کرێکار حەیاتین، هەر واش بۆ بزووتنەوەی ژنان حەیاتین. لە ڕاستیدا پەرەپێدانی ئەم ڕوانگانە لە نێو بزووتنەوەی ژناندا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ژنانی لە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەراسەری دوور کردۆتەوە. کارێکی کردووە کە ژنان بۆ نموونە نەتوانن ڕێوڕەسمی هەشتی مارس پێکەوە و هاودەنگ و هاوکات بەڕێوە بەرن و لە یەک ڕیزی یەکگرتوودا

زاڵ بوونی ڕوانگەی لیبراڵی بەسەر ڕێکخراوەکانی ژناندا نەیتوانیووە کەش و هەوای تێکۆشان و خەباتی ژنان بۆ ڕزگار بوون لە زنجیر و ئەسارەتی پیاومەزنی لێڵ بکات. ئاسۆی ئەم خواستە وەکوو ئاوات و ئارەزوویەکی گشتی زیاتر لە هەمیشە لە دڵی میلیونی ژنی چەوساوەدا گەشاوەیە



دژی دیاردە دزێوەکانی دژی ژنی نێو کۆمەڵ و بنەماڵە دەست بدەنە دەستی یەک.

**فێمێنیسم ـ کام فێمێنیسم؟**

باس و لێدوان سەبارەت بە شاخەکانی فێمێنیسم، پێشینە و ناوەرۆکیان گەلێک بەربڵاوە و تاوتوێ کردنی لەم نووسراوەدا ناگونجێت. بەڵام بە گرینگی دەزانم کە چەند دێڕێک لە سەر چەند لایەنی ئەم بزووتنەوەی بنووسم.

واناسراوە کە بزووتنەوەی فێمێنیستی بزووتنەوەیەکی بورژواییە! بەڵام ئەم بزووتنەوەیە بە پێی مێژوو خاڵی لە باڵی ڕادیکاڵ و پێشڕەو نەبووە. خەبات لە دژی چەوسادنەوەی ژنان و خەبات بۆ بەرابەری (ئاگاهی فیمێنیستی) لە ماوەی شۆڕشە بورژوا دیمۆکراتەکان لە ئوروپا و ئەمریکای باکوور سەری هەڵداوە. لە ئێرانیش دیمۆکراتەکان لە کاتی شۆڕشی مەشروتەدا ئەم مەسەلەیان هێنایە گۆڕێ، بەڵام وەک زۆربەی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە بە شێوەی جددی لەم مەسەلەیە دووان. نابێ لە بیرمان بچێت کە یەکەمین خەباتی سازماندراوی یەکسانیخوازانەی ژنان لە لایەن ژنانی کرێکاری ئەمریکاوە سەری هەڵدا کە لە لایەن ژنانی کرێکاری وڵاتانی تری سەنعەتییەوە درێژەی پێ درا. لە ئوروپا لە گەڵ سەرهەڵدانی سوسیالیسم لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوانگەی ڕادیکال لە پەیوەند بە بەرابەری دوو جنسی ژن و پیاودا سەری هەڵدا. ئەم ڕوانگەیە کە لە لایەن سوسیالیستەکانەوە، بە تایبەت ئێنگلس، لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا پەسەندکار، ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان نابەرابەری جنسی لەگەڵ نیزامی چینایەتی ـ سەرمایەداری کرد. لە یەکەمین شۆڕشی کرێکاریدا (شۆڕشی کۆمۆنی پاریس) ژنان دەورێکی سەرەکیان گێڕا. فێمێنیسمی لیبرالی پێش و دوای ئەم شۆڕشە ئاکامی هەوڵی فیکری و سیاسی ژنانی بۆرژوا بوو. بەڵام لە کۆمۆنی پاریسدا ژنانی زەحمەتکێش هێزێکی سەرەکی خەبات بۆ ڕزگاری بوون.

هەرچەند کە ئەوڕۆ لە ئوروپا مافی هاووڵاتیان و یاساکان لە ڕێگەی ڕێفۆرمەوە گۆڕاون و فێمێنیسمی لیبرالی بە ئاواتەکانی خۆی گەیشتووە، بەڵام ستەمی جنسی لە ناو نەچووە و ژن و پیاو لە مافی یەکسان بەهرەمەند نیین.

لە درێژەی گەشەی ڕوانگەی ڕادیکال لە ناو بزووتنەوەی فیمینیستیدا شاخەیەک بە ناوی "فێمێنیسمی سوسیالیستی" یان "سوسیال فێمێنیست" پێکهات. ئەم شاخە ژنانی پێشڕەو و سوسیالیستی لە خۆ دەگرت کە خەباتی یەکسانیخوازانە و خەبات بۆ سوسیالیسمیان لە یەک بەرەدا و لە یەکگرێدراو دەزانی. هەروەها "فێمینیسمی مارکسیستی"، یان "مارکسیست فێمێنیست"مان هەیە کە ئەو مارکسیستانە لە خۆ دەگرێت کە خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان بە بەشێک لە خەباتی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری دەزانن. بەم پێیە ڕوانگەکانی تری نێو بزووتنەوەی فێمێنیستی دەستکردی خودی بورژوازین بۆ دژایەتی ڕوانگەی ڕادیکاڵی ناو ئەم بزووتنەوەیە. ئیسلام کە ژن بە نیوەی پیاو دەزانێت، لە مافە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بێ بەشی دەکات و پیاو بە خاوەنی دەزانێ، فمێنیستی بێت یان غەیرە فێمێنیستی، دژی ژنە و دژی ئینسانییە.

بڕوانە ل 8

# وەڵامی بەڕێز فارۆق نەقشی بە چەند پرسیارێک سەبارەت بە کێشەی نێوان ئیسرائێل و فەلەستین



فارۆق نەقشی

**پرسیار:** بە دوای مەرگی یاسر عەرەفاتدا، بۆ ماوەیەك مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل بوو بە سەردێڕی سەرەکی هەواڵ و گوزارشی هەموو رادیۆ و رۆژنامەکانی دنیا. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و زۆر زوو ئەم مەسەلەیە بوو بە ژێر هەرەسی شەری عێراقەوە و لەوە بەدوا تا ماوەیەك لەمەو پێش کە گەڵاڵەی چۆڵ کردنی شارۆچکە یەهوودییەکانی غەزە هاتە ئاراوە ، ئیتر باسێکی ئەوتۆی لێ نەکراوە. ئەگەر بکرێ تکایە چاوێك بخشێنن بەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کێشەی فەلەستیندا و بە کورتیش، هۆی ئەو بێدەنگە لێکردنە چۆن دەبینن؟ ئایا رەوتێکی ئاساییە لە فەرهەنگی ژورنالیستیدا یان بۆچوون و مەبەستی سیاسیش دەوری لەم مەسەلەیەدا گێڕاوە

**وڵام:** ئەگەر ئیزنم هەبێ لە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتانەوە دەس پێدەکەم. لەم بێدەنگە کردنەدا هەردوو ئەو هۆیانەی کە ئاماژەتان پێ کردوە، دەوریان گێڕاوە. لە لایەکەوە ژورنالیسمی زاڵ بە سەر دەزگای راگەیاندنە گشتییەکاندا، وەك بەشێك لە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر چارەنووسی بەشەریدا، بەردەوام تێدەکۆشێ رەوتی کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگا، بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دیاری بکا. لەم بوارەدا چ شتێك بە گشتی ئەو بەرژەوەندییە بپارێزێ ئەوە دێنێتە پێشەوە و بایخی پێدەدا، و چ شتێکیش لە گەڵ قازانجەکانی یەك نەگرێتەوە ئەوا، یان بە یەکجاری بێدەنگەی لێدەکا و یان کەمڕەنگی دەکاتەوە. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەڵبەت کێشە و رقەبڕکێی نێوان زل هێزەکانی دنیاش لەم نێوەدا دەور دەبینێ. کارەساتە دڵتەزێنەکەی تۆفانی «کاترینا» لە ئەمریکا و رەنگ دانەوەی هەواڵ و راپۆرتەکانی لە دەزگا راگەیەندنە گشتییەکاندا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییەن.

بێدەنگە کردن لە کێشەی فەلەستین لەم چوارچێوەدا جواب وەردەگرێتەوە. هەڵبەت خالێکی لاوەکیش لەم نێوەدا دەور دەگێڕێ، ئەویش رادەی سەرنج راکێش بوونی هەواڵەکەیە. بەم مانایە کە ئەو هەواڵەی وا بڵاو دەکرێتەوە چەندە دەتوانێ بە پێوەری ژورنالیستی سەرنجی بیروڕای گشتی بەرەولای خۆی ڕابکێشێ. هەر ئەم ژورنالیسمە وای کردوە کە ئەمڕۆ ئیتر هەواڵی کوژرانی چوار فەلەستینی بە دەس هێزەکانی ئیسرائیل لە چاو کوژرانی هەزار کەس لە عێراق، هەست و هۆشی کەس نابزوێنێ و بڵاو کردنەوەی نابێ بە نان وئاو بۆ ئەو داموو دەزگایانە.

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە، داهاتووی کێشەی فەلەستین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی‌تر نادیارترە. ئەوەی بە چارەسەری سەرەکی کێشەکە بگەڕێتەوە واتە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی، بە هاتنە مەیدانی ئاریەل شارۆن و دەوڵەتەکەی و بە تایبەت بە هێنانە ئاڕای گەڵاڵەی «چۆڵ کردنی غەزە»، بە تەواوی تووشی مەترسی بووە و ئاسۆیەکی روونی بۆ ڕەچاو ناکرێ. هێزە فەلەستینییەکان یەکجار ڕاڕا و ناشێلگیر و لە هەمان کاتیشدا بێ دەسەڵات و بێ پشتیوانن. دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بێ جۆربزە و بێ دەربەسن و بۆ زەخت خستنە سەر ئیسرائیل و ئەمریکا هیچ ناکەن و مشووری بۆ ناخۆن. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پەڕی بێ دەسەڵاتیدا بڕیارنامەکانی یەك لە دوای یەك دەخرێتە ژێرپێ و تەنیا شەرمەزاری بۆ ماوەتەوە. ئەمریکا و دەوڵەتی جۆرج بووش بە ئاشکرا نەك هەر لە ئاست جینایەتەکانی ئیسرائیل بێ دەنگن بەڵکوو بە هەموو توانای نیزامی، لوجستیکی، سیاسی و ئابووریانەوە لە پشت ئیسرائیل و دەوڵەتی شارۆن وەستاون. وڵاتەکانی تریش هەر لە رووس و چینەوە بگرە تا یەکیەتی ئورووپا، تەنیا، سەیر کەری کەمتەرخەمی ئەم شانۆ دڵتەزێنەن. کە وابێ دەوڵەتی فەلەستین نە بۆخۆی ئیمکان و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە گۆڕانکارییەکی بە قازانجی خۆی لەم بوارەدا سازبکا و نە هێزودەسەڵاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش لە پلان و بەرنامە کورت ماوەکانی خۆیاندا جێگایەکیان بۆ وەها گۆڕانکارییەك لە بەرچاو گرتوە. بەم جۆرە هەر وەك باسم کرد ئاسۆی پێك گەیشتن و سوڵحێکی عادڵانە کە تێیدا ماف و بەرژەوەندییەکانی هەر دوو خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیلی تێدا زەمانەت کرابێ لە جاران گەلێك نادیارترە.

**پرسیار:** لە قسەکانتان وا دەر دەکەوێ کە ئەم گەڵالە تازەیەی ئاریەل شارۆن بۆ چۆڵ کردنی غەزە بە گەڵالەیەك کە بە قازانجی فەلەستینییەکانیش بێت نازانن. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە ئەرتەشی ئیسرائیل لە غەزە دەچێتە دەر، شارۆچکە یەهوودییەکانی دامەزراو لە غەزە کۆ دەکرێنەوە و بۆ یەکەمین جار بە دوای شەڕی ١٩٦٧دا هێزە داگیرکەرەکانی ئیسرائیل لە بەشێك لە خاکی فەلەستین دەچنە دەر و ئیدارەی ئەو ناوچەیە دەکەوێتەوە دەست فەلەستینییەکان. ئەگەر وابێ بۆ پێتان وایە ئەم گەڵاڵەیە دەتوانێ لەمپەرێك بێ بەرانبەر بە سوڵح و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی؟

**وڵام:** بێگومان چۆڵکردنی تەنانەت یەك شارۆچکەش دەتوانێ هەنگاوێکی بەرەو پێش بێت. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە لە ژێر تەپوتۆز و هەڵاوهەنگامەی ئەم گەڵاڵەیەدا سەبەب و نییەتەکانی دەوڵەتی ئاریەل شارۆن لە هێنانە ئاڕای ئەم گەڵاڵەیە بخرێتە پێش چاو. زۆریەك لە دەوڵەتەکان و هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان، بە بیستنی بڕیاری ئاریەل شارۆن بۆ هێنانە ئاڕای ئەم گەڵاڵەیە خۆشحاڵی خۆیانیان دەربڕی و چەپڵەیان بۆ بوێری و نەترسی ئاریەل شارۆن لێدا. تەنانەت جۆرج بوش بە شوێن ڕاگەیاندنی ئەم گەڵاڵەیە و لە یەکەمین دیداری لە گەڵ شارۆن لە رۆژی ١٤ی ئاوریلی ٢٠٠٤لە واشینگتۆندا پشتیوانی ئەمریکای لە دروست کردنی شارۆچکەی تازە لە بەشی رۆژئاوای چەمی ئۆردۆن و راگرتنی ئەو شارۆچکانە لە لایەن ئیسرائیلەوە بە ڕاشکاوی دەربڕی.

شارۆن لە هێنانە ئاڕای ئەم گەڵاڵەیە کە هەر وەك ئاگادارن بەشێکییشی بەڕێوە براوە، دوو مەبەستی سەرەکی ڕەچاو دەکا. یەکەم راوەستاندن یان لانی کەم وەدواخستنی رەوتی سوڵح و پێکگەیشتن لە گەڵ فەلەستینییەکان، دووهەمیش گەیاندنی بارودۆخی ناوچە داگیرکراوەکانی بەشی رۆژهەڵاتی چەمی ئۆردۆن بە ئاستێکی بێ گەڕانەوە و پەیوەس کردنی ئەو زەوییانە بۆ هەمیشە بە خاکی ئیسرائیل. بڕوانە ل 8



ژورنالیسمی زاڵ بە سەر دەزگای راگەیاندنە گشتییەکاندا، وەک بەشێک لە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر چارەنووسی بەشەریدا، بەردەوام تێدەکۆشێ رەوتی کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگا، بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دیاری بکا.

ئاسۆی پێک گەیشتن و سوڵحێکی عادڵانە کە تێیدا ماف و بەرژەوەندییەکانی هەر دوو خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیلی تێدا زەمانەت کرابێ لە جاران گەلێک نادیارترە

# هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بەهێز بوونی تیرۆریسمی ئیسلامی



عادل ئەلیاسی

... ئەم چەشنە لە تیرۆریسم کە گەلێک دڕندە و بێ بەزەییە هاوکاتیش گەلێک ڕێکخراوە و پشت ئەستورە بە هێزی ماڵی و ئینسانی بێ ئەژمار کە ڕادەیان هەر ڕۆژ لە زیاد بوون دایە.

لە ئاوا دۆخێکدا ناکرێت بە دوای ئەو فاکتەرە بنەڕەتیانەدا نەگەڕێین کە هێزی بزوێنەری ئەم دیاردەیەن. هەستی بەرپرسایەتی و ئینساندۆستی، ویژدان و وشیاری مرۆڤایەتی وەڵامی لێمان دەوێت کە بۆچی جیهان لەو پەڕی پێشکەوتوویی‌دا کەسانێک لە ئامێزدا پەروەردە دەکات کە کردەوەی لەم چەشنە لە خۆ دەنوێنن؟ ئایا ئەم تیرۆریستانە تاقمێکی سەرلێشێواوی گیرۆدە بە نەخۆشی دەرونین؟ ئایا بە پێی سروشت دڵ پڕ لە قین و ئینسان کوژن؟ یان وەک هەندێک لە توندڕەوە مەسیحیەکانی ئامریکا باسی لێوە دەکەن، شەیتان ڕۆشتۆتە ڕووحیانەوە! ئەگەری ئەوە هەیە کە چەند کەسێک لەم کەسانە گرفتی دەرونییان هەبێت، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە تیرۆریسمی ئیسلامی پێش لەوەی کە نەخۆشی تاکە کەس بێت نەخۆشییێکی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەو کەسانەی کە هەر جارە بە دەیان و سەدان کەس لە گەڵ خۆیان بەرەو تاریکی مەرگ دەبەن لوتکەی کێویکن لە کردەوەی جینایەتکارانەی ئیسلامی‌یەکان. ئەم کەسانە تەنیا سەربازانی "بێبایەخی" سوپایەکن کە بە بیری زیانباری ئیسلام چەکدارە و ڕێژە دەکات تا ڕیشەی هەرچی بیرێکی ئازادی و پێشکەوتووخوازی‌یە لە بن هەڵکێشێت. **هەر بۆیە** ئەم کەسانە تەنیا کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی نین. کردەوەی ئەوان بیرێکی دژی مرۆڤانەی لە پشتە کە پێی دەوترێت "ئیسلام". ئەم بیرە ڕیشەی لە زۆر کۆمەڵگەدا داکوتاوەو هێزی مانەوە و پەرەسەندنی لە جیهانێک وەردەگرێت کە پڕە لە هەژاری و نەداری، هەڵاواردن، بێ‌مافی، شەڕ، دواکەوتوویی و دابەشکردنی نایەکسانی پێداویستی‌یەکانی ژیان.

درەختی هەوڵەکانی دژایەتی تیرۆریسمی ئیسلامی کاتێک دێتە بەرهەم کە هۆکارە واقیعی و بنەڕەتی‌یەکانی ئەم دیاردەیە بناسرێن و بە بێ بەزەییانەش لە گەڵیان مامەڵە بکرێت. گەلێک گرینگە کە لە ڕوانگەیەکی واقیعیی و زانستیانەوە توێژینەوە بکرێت لە سەر پێشینەی مێژووی و هۆکارەکانی مانەوە و بەهێز بوونی. گەرچی ئەمە ئەرکێکی گرانە و لەوانەیە نەک نووسراوەیەک بەلکوو دەیان نووسراوەش نەتوانن هەموو بەشە نەوتراوەکانی ئەم بابەتە تاوتوێ بکەن، بەڵام هەر دێڕێک کە لەم بارەیەوە بنووسرێ و هەر هەنگاوێک کە بەم مەبەستە هەڵبگیرێ دەتوانێت لێکردنەوەی پەڕێک بێت لەو باڵە ڕەشەی کە تیرۆریسمی ئیسلامی کێشاویەتی بەسەر جیهاندا.

## سەرهەڵدانی ئیسلام = سەرهەڵدانی تیرۆریسمی ئیسلامی

بێ گومان توشی هەڵە دەبین ئەگەر پێمان وابێت کە کردەوەی تیرۆریسمی ئیسلامی لە گەڵ تیولۆژی ئیسلام نامۆیە و ئاکامی خراپ لێحاڵی بوونی تاکە کەسە. تەنانەت ئەگەر چاوپۆشی لە ووتەکانی قورعان بکەین ـ کە بە ڕاشکاوی بانگەوازی تیرۆر و کوشتار و سەرکووت دەکەن ـ تەنانەت ئەگەر مێژووی پڕ لە تیرۆری دەسەڵاتە ئیسلامی‌یەکان لە بەر چاو نەگرین و تەنیا بڕوانینە بنەما تەئیدکراوەی ئەم ئایینە لە لایەن زانایانی مێژوویی و ئایینی‌یەوە، ئەوا بەو سەرەنجامە دەگەین کە ئەم ئایینە بە تیرۆر سەری هەڵداوە، بە تیرۆر پەرەی سەندووە و بە تیرۆریش درێژەی بە مانەوەی تا ئەوڕۆی خۆی داوە.

* * *

بە پێی تیولۆژی ئیسلام خودا (اللـه) بوونێکی ئیلاهی‌و خوڵقێنەری هەموو شتێکە. ئەو بەرنامەی هەیە بۆ ئەو جیهانەی کە ڕۆژانێک بۆ خۆی پێکی‌هێناوە و چاوەدێری هەنگاو بە هەنگاوی ڕەفتار و کرداری دانیشتوانیەتی. ئاگاداری لە بەرنامەکانی اللـه لە لایەن پەیغەمبەری ئیسلامەوە (موحەمەد) بە مرۆڤایەتی گەیشتووە. موحەمەد ئەو پەیامەی لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە بە دەست گەیشتووە و ئەویش لە کتێبێکدا کە پێی دەوترێت "قورعان" و کتێبی پیرۆزی موسوڵمانانە، کۆی کردونەتەوە. بابەتەکانی قورعان لە هەموو ئەو بووارانە دەدوێت کە پەیوەندیان بە ژیانی واقیعی و خەیاڵات، ژیانی ئەوڕۆ و دواڕۆژی ئینسانەکانەوە هەیە.

هەموو موسوڵمانێک بەرپرس کراوە کە پەیڕەوی لە ووتەکانی قورعان بکات. هیچ کەس بۆی نییە ووتەکانی قورعان بگۆڕێت. بەڵام "زانایانی" ئایینی ئیسلام بۆیان هەیە ڕوونکردنەوەیان لە سەریان هەبێت، تەعبیریان لە سەر بکەن و شی بکەنەوە کە "خالقی" عالەم بە ڕاستی چی دەوێت!

ئەم پێناسە کورتە بە ڕاشکاوی ئەوە دەگەیەنێت کە لە تیولۆژی ئیسلامدا تولێرانس و فرە فکری بێ بایەخە، هەموو بیر و ڕێنوێنی و زانستێکی پێویست بۆ مرۆڤایەتی ـ چ بۆ ئێستە و چ بۆ داهاتوو ـ لە ووتەکانی قورعاندا هاتووە و هەر بیر و ڕێنوێن و زانستێکی تر ڕاستەوخۆ دژایەتی کردنی خواستی "خوڵقێنەری" عالەمە و، بەم پێیە لە سەر موسلوڵمانان واجبە کە بە توندی دژایەتی بکەن. ئەمە بۆخۆی چەشنێک لە تیرۆریسمە؛ داخستنی هەموو دەرگایەک لە سەر بیری نوێ، پیرۆز زانینی فیکرێکی دیاریکراو و بانگهێشت کردن بۆ سزادان و بە کارهێنانی توند و تیژی لە بەرانبەر لایەنگران و پەیڕەوانی بیر و فیکری تر، یان ڕێگەنەدان بە هەمووان بۆ تاو و توێ کردنی ئەم فیکرە دیاریکراوە! بەڵی، ئەمە تیرۆریسمە بە مانای تەواوی ووشە.

سەرەکی ترین کێشەی مێژوویی لە نێو خێڵ و لایەن و پیاوانی ئایینی ئیسلامدا، کێشە لە سەر چۆنیەتی تێڕوانین لە ناوەڕۆی قورعان بووە. ئەم کێشەیە دوو گۆڕانکاری مێژوویی لە نێو بازنەی جیهانی ئیسلامدا پێکهێناوە. یەکەم، ئەوکاتەی کە موسوڵمانان بە سەر دوو بەشی شیعە و سوونی‌دا دابەش بوون. دووهەم، نەمانی مۆنۆپۆلی عولەما بۆ تەعبیر کردن لە ئاینی ئیسلام لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو بەدوواوە.

دوابەدوای مردنی موحەمەد و لە سەرەتای زەمەنی خەلافەتدا، سەرەتای ئەم گێرەو کێشە لە نێو خێڵە موسوڵمانەکاندا سەری هەڵدا. "زانایانی ئایینی" (عولەما) کە ئەرکی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ووتەکانی قورعانیان لە ئەستۆ بوو ناکۆک بوون لە سەر مەبەستیان. هەر لە یەکەمین سەدەی سەرهەڵدانی ئیسلام و لە ئاکامی کێشە و ململانێی نێوان خێڵە موسوڵمانەکاندا، مووسڵمانان بە سەر دوو بەشی سەرەکی **شیعە و سوونی**دا دابەش بوون. خەلیفەی چوارەم، **عەلی ابن‌الطالب** کە خزمی موحەمەد و مێردی تاقە کچەکەی (فاتومە) بوو، لە ئاکامی ناکۆکییێکدا کە لە نێو خێڵی قوڕەیش‌دا هاتە پێش، کوژرا. لەو کاتەوە لایەنگرانی عەلی کە شیعەکانن بە کەمایەتییەک لە ناو جیهانی ئیسلامدا ناسراون. زۆر کات لە ئۆپۆزیسیونی دەسەڵاتە ئاینییەکاندا بوون و لە بازنەی ئەم دەسەڵاتەشدا ئەگەر بووبێتن کەمینە بوون. هەر لە یەکەمین سەدەی سەرهەڵدانی ئیسلامدا چەندین بەش لە نێو شیعەکانیش‌دا پێکهات، لەوانە **زایدیەکان**، ***ئیسمایلیەکان*** و **دوازدە ئیمامی‌یەکان**.

تا نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو "عولەما" مۆنۆپۆلی هەبوو بەسەر تەعبیرکردنی ئیسلام و ڕاگەیاندنی ڕەسمی مەبەستی "اللـه". بەڵام لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە گرینگانە کە لەم ماوەدا هاتە دی ئەم مۆنۆپۆلە لاواز و، جاری واش، بنەبڕ کرا. لەم ماوەیەدا ئاستی توانای خوێندن و نووسین لە نێو جیهانی ئیسلامدا بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕۆشتە سەرێ و لە ئاکامدا کەسانێکی زیاتر لە کۆمەڵێک شێخ و مەلا هەستان بە تەعبیر کردن و "وەرگێڕانی" ووتەکانی قورعان. زۆربەی کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی ئەم تاقمە نوێیە لە

> ئەگەری ئەوە هەیە کە چەند کەسێک لەم تیرۆریستانە گرفتی دەرونییان هەبێت، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە تیرۆریسمی ئیسلامی پێش لەوەی کە نەخۆشی تاکە کەس بێت نەخۆشییێکی کۆمەڵایەتی‌یە.

ولاتانی ڕۆژئاوا خوێندویانە و پلەی بەرزی خوێندنیان بەدەست هێناوە. زۆربەیان لە گەڵ فەرهەنگ و مێژوی ئەو بەشە لە جیهان کە پێی دەوترێت جیهانی پێشکەوتوو تێکەڵاویان هەبووە. لە گەڵ ئەمەش ئەوە ئەوان بوون کە پێشەنگی ڕوانگەی گەڕانەوەی سەردەم بوون و هەن بۆ دەورانی موحەمەد و خەلافەت. بەڵام ئایا بە ڕاسی مەبەست و هەوڵی ئەوان ئەوەیە کە زەمان بۆ ئەو سەردەمە بگێڕنەوە؟ بە بێ گومان نەخەیر! سەلمێندراوە کە ئەم بیرە دواکەوتوانەی تووندڕەوە ئیسلامی‌یەکانی ئەم سەردەمە زۆربەی کات بۆ حەقانیەت پێدان، داسەپاندنی دەسەلات و کۆ کردنەوەی خەڵکانی ناڕازی لە هەلومەرجی ژیان، کەڵکی لێوەر دەگیرێت. ئەوان لایەنگری ڕاگرتنی کۆمەڵگا لەو پەڕی دواکەوتووی‌دا هەن، بەڵام بۆ داسەپاند و ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەموو ئامراز، شێوەکار و کردەوەیەکی مودێڕن کەڵک وەردەگرن. دیاردەی خۆتەقاندنەوە و کردەوەی تری تیرۆریستی لە چەشنی ئەوڕۆ لە لایەن ئەم تاقمە نوێیەوە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت.

## پەرەسەندی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا

سێ ئێمپراتۆری دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی ئیسلامدا کردووە، ئیمپراتۆری خەلافەتی ئیسلام، ئیمپراتۆری سەفەویەکان لە ئێران و ئێمپراتۆری عوسمانی‌یەکان. عوسمانی‌یەکان، کە دوایین ئیمپراتۆری بوون، ناوچەکانی باکووری هێند، باکوری ئافریقا، وڵاتانی ئێستەی باڵکان و هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەراستی‌یان لە ژێر دەسەڵاتدا بوو. لە سەدەی 15دا پێشکەوتوویی ئابووری، ستانداردی ژیانی خەڵک و هاوسەنگی سەربازی لە نێوان دەسەڵاتداریەتی "جیهانی ئیسلام" و ڕۆژئاوا تا ڕادەیەک وەکوو یەک بوو. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی 16 بە دواوە دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە قیمەتی پێشڕەوی ئوروپایەکان سنوورەکانی بەرتەسک بووە و جێی خۆی بە دەسەڵاتی ئوروپایەکان دا. دووا بەدووای شۆڕشی سەنعەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک بریتانیا و هێنانە بەرهەمی بێ وێنەی کەل و پەل لە سەرەتای سەدەی 17 بە دوواوە و ...

بڕوانە ل 9

# قسەیەک بۆ بێدەنگیتان...!





کەمال ڕەئوف

كاتيك حيزب و ريكخراوى سياسى دةبيتة دةزطايةك تة ا بو سازش و كارى دبلوماسى و لةخةسلةتى شورشطيريتى خوى دامالَ خاس دةكات و بايكوت لةهةر كاريكى طةلةرى و جةماوةرى شورطيرانة دةكات، ئةوكاتة برواشيان بةوة دةبيت كة ضيتر جةماوةر دةوريكى نةماوة لةناو كاية سياسى و كومةلايةتيةكانداو لةبرى ئةوان حيزب دةبيت ثاوانى هةر مةيدانيك بكات كة بونى سياسةتى ليوةبيت.

ئةو جورة حيزب و طروهانة كةبةبةرنامة دةيانةويت جةماوةر بخةنة دةرةوةى بازنةى بةشداريكردن لةدياريكردنى ضارةنووسى خويانداو وةلايان نين لة بةشداريكردنى راستةوخو لةطةمةى سياسى و ثرسى كومةلايةتيانداندا، كار لةسةر ئةوةدةكةن كة حيزب جيطةى جةماوةر بطريتةوة، بوية ئةوانة خاوةن هةر بير و رايةك بن ولة هةر رةنط و جوريك بن بيريكى بان سةرى خةلك لةثشتيانةوةيةو دةيانةويت بة ليسةندنةوةى ئةومافة كة بربرة پشتى هةركاريكى شورشطيرانةو خةباتى جةماوةريية دةورى حيزب لةدةورى جةماوةر زياتر بسةلمينن . ئةم تيزة هةرضةندة هيض حيزب و طروهيكى سياسى راستةو خو دانى ثيادا نانين و ئةم جيهانبينينةيان ثةردةثوش دةكةن و بةطةليك ثاساو دةشارنةوة، بةلام لةميانةى هةلسوران و بةريوة ضوونى كارةكان لةخةباتى روذانةدا ئةو طروهانة زور ئاشكرا دةردةكةون كة خويان دةيانةويت بيكةن و كارى دبلوماسى و سازش دةكةنة بناغةى هةرهةنطاويك كةبيانةويت بينين .

لةثةراويزى رووداوة سياسى و كومةلايةتيةكانى ئةم دواييانةى ناو ئيران و بةتايبةتى كوردستان كة رووداو طةليكى طةورةو بةرثةضدانةوةيةكى شورطيرانةى خةلكى بوو دةرهةق بة هةلومةرجى نالةبارى سياسى و كومةلايةتى و ئةو دةستدريذيانةى كة هيزةكانى جمهورى ئيسلامى لةثشتيةوة وةستاون، زور بةئاشكرا ئةو طرايشانة دةركةوتن كةبروايان بةوة نةماوة ضيدى لايةنطرى لةبزووتنةوةى جةماوةرى بكةن ولايان واية هةموو شتيك دةبيت لةسةر ميزى طفتووطوى دةسةلاتةكان و بةثشتيوانى دةرةكى ضارةسةر بكريت، لةنيو ئةوانةشدا بةهيزترين مةيل لةو بوضوونانة لةنيو ريزى حيزب و ريكخراوةكانى كوردستانى عيراقدا بةرجةستة بووةتةوة، هةربوية سةربارى ئةوةى كة ئةوان خاوةن هةلومةرجيكى رةخساو ترن و خاوةن طةليك دةزطاى راطةياندن و ئيمكاناتى ترن، كةچى لةبةرانبةر ئةوهةموو رووداو و كارة شورشطيريانةى كةخةكى داخ لةدلى كوردستانى ئيران ئةنجامياندا نةك هةر بيدةنطيان كرد، بةلكة بةجوريك لةجورةكانيش كةوتنة بةرانبةرى و دذايةتيان كرد. ئةو هةلويستةى ئةوان بوية وابوو ضونكة بو ئةوان طرنط راطرتنى دلى دةسةلاتى ئيران و ثةيوةندية دبلوماسيةكانيان بوو نةك ثشتيوانى و هاوبةشتى كردن لةطةلَ خةلكى شورشطيرى كوردستان .

خةلكى كوردستانى عيراق بةتايبةتى ثارتةسياسيةكانى، هةرضةندة لة زور رووة قةرزاربارى خةلكى كوردستانى ئيرانن و ميذوويةك لةكومةك و هاوكارى ئةوان بينراوة بوكوردستانى عيراق، كةچى لةم رووداوطةلةدا خةلكى كوردستانى ئيران نةك هةروةلامى ثوزةتيظانةيان وةرنةطرتةوة , بطرة وةك ميدياى هةوالَ و بلاوكردنةوةى هةوالَيش كة ئةوة ئةركيكة لة بوارى روذنامةوانيدا كةنالة حيزبيةكان بايةخيان بةو بةو رووداوطةلةنةدا كة ضةند هةفتة دريذةى هةبوو, بة ثيضةوانةوة دةبوو طةر لةرووى داب و نةريت و ئةخلاقيشةوة بواية دةبواية بو ثشتيوانى لةمانطرتن و هةولةكانى خةلكى كوردستانى ئيران زور لةوة زياتر و طةرموو طورتر ميدياى ثارتة كورديةكان لةسةر ئةو رووداوانة بوةستانايە , بةلام ضونكة ضيتر ثارتةدةسةلاتدارةكانى كوردستانى عيراق بايكوتيان لةكارى شورطيرى كردووةو بروايان بةو جورةكارانة نةماوة، (نةك بو ضارةسةركردنى كيشةى و طرفتى خةلكى كوردستانى ئيران تةنانةت بو ضارةسةركردنى كيشةكانى خوشيان)، ضيدى ئامادةنين هانى جةماوةربدةن تابةشدارى راستةو خويان هةبيت لة ضونيةتى ضارةسةركردنى كيشةو طرفتة كانياندا .

دةزطاكانى راطةياندنى ثارتى و يةكيەتى ضةند روذ ثيش لة رووداوةكانى كوردستانى ئيران هيندةى لةسةر ئةوة ضوون كة خةلكى كوردستانى ئيران ئاهةنطيان بةبونةى بوونى مام جةلال بةسةروك كومارو بوونى كاك مةسعود بةسةروكى هةريم طيرا،

له ڕووی داب و نەریت و ئەخلاقیشەوە بوایە، دەبووا بۆ پشتیوانی لە مانگرتن و هەوڵەکانی خەڵکی کوردوستانی ئێران زۆر لەوە زیاتر و گەرم و گوڕتر مێدیای پارتە کوردییەکان لە سەر ئەو ڕووداوانە بووەستانایە.

دەکرێت بلێن ئەوەی لەم دواییانەدا لە کوردوستانی ئێران ڕوویدا ئەگەر دیوێکی تەقینەوە و بەرەوڕوو بوونەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی بووبێت، ئەوادیوەکەی تری خۆهەڵخستنەوە و نیشاندانی ئیرادەی جەماوەری کوردوستانی ئێران بوو بە ڕووی سازشکاری و هەمووی ئەوانەی کە بڕوایان بە خەباتی هێزی جەماوەر نەماوە.

هيندة لةسةر رووداني مانطرتنى گشتى ضةندين شارى كوردستان و ثياهةلثذانى خةلك و هيزةكانى رذيمى ئيران و بةرزى و ورةى خةلكى كوردستان نةضوون. ئةوان بةو هةلويستانةيان نةك هةر ماهيةتى شورطيريتى و ثشتيوانى كردنى خويان لاى خةلكى كوردستان خستة ذير ثرسيارةوة بةلكو بةريان بةو تروسكة ئةخلاقى و سروشيانةش طرت كة لةنيوان خةلكى كوردستانى ئيران و ئيراقدا سالانيكى دورو دريذة بوونى هةية وهةميشة هاو خةم و هاوخةباتى يةكتربوون، بوية دةكريت بلين ئةوةى كةلةم دواييانة لةكوردستانى ئيران روويدا ئةطةر ديويكى تةقينةوة وبةرةو روو بوونةوة بووبيت بةرووى هيزةكانى جمهورى ئيسلاميدا، ئةوا رووةكةى ترى خو هةلخستنةوة و نيشاندانى ئيرادةى جةماوةرى كوردستانى ئيران بوو بةرووى سازشكاران و هةموو ئةوانةى كةبروايان بةخةباتى جةماوةرتى هيزى جةماوةرنةماوة.

# گەمەی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران



مەحیە ئیرەجی

ئێران باش دەزانێت کە ئەگەر کێشەکە بگاتە شۆرای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوا لەوانەیە وڵاتانی چین و ڕووسیە لە ویتۆی خۆیان کەڵک وەربگرن و پێش بە هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری یان هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەو وڵاتە بگرن



**ئەم** ڕۆژانە دیسانەوە گەمە و ململانیە دیپلۆماسییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ئێراندا پەرەیان سەندووە. دیارە هەرچەشنە ناکۆکییەک لە نێوان ئەم دوو لایەنە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر خەڵکی ئێران بە گشتی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە بە تایبەتی دەبێت.هەربۆیە گرینگە کە ئەم ناکۆکیانە بە ووردی هەڵسەنگێندرێن.

هەروەک لە ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا هاتووە ئەو مۆڵەتەی کە کاربەدەستانی ئێران بۆ لایەنەکانی ئوروپایی (ئینگلیس، فەرەنسە و ئاڵمان) لە سەر پێشکەشکردنی پێشنیارەکانیان سەبارەت بە قەیرانی بەرنامەی ئەتۆمی، دیاری کردبوو بەسەرچوو و ئێران لە سەر هەرەشکەی خۆی بۆ دەسپێکرن بە پیتاندنی ئورانیوم بە کردەوە دەرهێنا. من هەوڵ دەدەم لێرەدا ئاکامە چاوەڕوانکراو و پەیوەندیدار بەم کێشەیە بخەمە بەرچاو.

بەرنامەی پیتاندی ئورانیوم لە لایەن ئێرانەوە هەڵوێستێکی ئاسایی نییە! دیارە حکومەتی ئێران باش دەزانێت کە ئەگەر کێشەکە بگاتە شۆرای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوا لەوانەیە وڵاتانی چین و ڕووسیە لە ویتۆی خۆیان کەڵک وەربگرن و پێش بە هەڕەشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی سەبارەت بە گەمارۆی ئابووری و ... هتد، بگرن. ئەگەر کێشەکە بکەوێتە ئەو ئاستە، ئەگەرەکان و چاوەڕوانیەکان ئاشکران؛ دیاردەی ئێراق لێرەش دووپات دەبێتەوە. وڵاتی ئێراق دوابەدوای کێشەی ئەوکاتی نێوان ئەمریکاو حکومەتی بەعس کەوتە ژێر قورسایی گەمارۆی ئابووری و لە ئاکامدا هەزاران منداڵ بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی خۆراکی و دەرمانی گیانیان لە دەستدا. چین و تویژە بندەستەکانی کۆمەڵگا گەورەترین خەسارەتیان لێ کەوت، ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتە لە یەکترازا و ئەم ململانێی هێزە بە دەیانهەزار قوربانی بە شوێن خۆیدا بەجێ هێشت. جا حەقە ئەم کوشتارە بەکۆمەڵ و عەمدە جارێکی تریش دووپات بێتەوە؟

ئەگەرێکی تر کە چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە کە هێرشی سەربازی بکرێتە سەرکێران. دەزانین کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە 26 ساڵ دەسەڵاتی خۆیاندا چاکسازییێکی ئەوتۆیان لە ماشێنی نیزامییاندا پێکهێناوە و هێزە سەربازییەکەیان کردووە بە زلهێزێکی ناوچەیی. ئەگەر کێشەکە بگاتە ئەم ئاستە، شەڕ شەڕێکی درێژخایەن دەبێت. هەروەکوو چۆن لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا دیتمان ڕژیمی کۆنەپەرستیت ئیسلامی لە هەموو ئامرازێک کەڵک وەردەگرێت و ڕاگرتدنی دەسەڵات. دیارە ئاکامەکەشی دەبێتە بە کوشتدانی دەیان و سەدان هەزار کەس. ئاوا شەڕێک تەنیا قوربانی گیانی بە دوای.خۆیدا بە جێ نایەڵێت، بەڵکوو وێرانی، ئاوارەیی و، لە درێژەشدا وێرانی سەرچاوە و بنەما ئابووریەکانی وڵات دەبێتە سەررەنجامی. بێکاری، فەقری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئهمانە هەموو دەبنە ئاکامی ئەو شەڕە. دیارە لەم نێوەدا ئەوە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشن کە گەورەترین خەسارەت دەدەن دوایین ئەگەری چاوەڕوان کراو، کە هەموو لایەنەکان تا ئێستە هەوڵیان بۆ داوە، ناچار کردنی ئێرانە بە قەبووڵ کردنی مەرجەکانی ڕۆژئاوا و لە سەروی هەمووانەوە ئەمریکا. یا ئەو شوێنەی کە بە کرێکاران و زەحمەتکێشان دەگەڕێتەوە ئەم سیاسەتەش لەوانی تر باشتر نییە. زۆربەی وڵاتانی زلهێزی ئابووری ئێرانیان کردووە بە ناوەندێکی سەرکەی سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنانی .... (ئەڵبەت ڕاستەوخۆ لەم سەرمایەگوزاریەدا دەوری نییە، هەرچەند کە زۆرتین زەختی ئەم وڵاتە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیهەکان بووە بەو مەرجانەی وا تا ئێستە کێشەیان لە سەرە) بە واقع دەرهێنانی هەرکام لەم ئەگەرانە داهاتووی ئەم سەرمایەگوزاریانە دەخاتە مەترسییەوە و هێچ لایەنێک قازانجی لێ نابات. لەم نێوەدا ئەوەی کە جێگا سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بە ناو لایەنگرانی مافی مرۆڤە بە تەواوی چاوپۆشیان لە سیاسەت و کردەوەی دژی ئینسانی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کردووە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. یارمەتی ئەم دەوڵەتەیان کردووە بۆ ڕزگار بوونی لە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی و لە سەقامگیر بوونیدا دەستیان داوەتە ژێر باڵ. وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەروی هەمووانەوە ئەمریکا هەوڵیان داوە کە بە پشتیوانی کردنی باڵی بانو ئیسلاحخواز پێش بە خەباتی جەماوەری و شۆڕشێکی غشتی بگرن کە لەوانەیە هەموو پڕۆژەکانی ئەم وڵاتانە لە ڕۆژیاوای ناوەڕاستدا بشێوێنێت. بەم بۆنەوە ناکۆکییەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژئاوا و ئێران زیاتر لە گەمەی دیپلۆماسی دەچێت تا ناکۆکییەکی سیاسی. گەمەیەک کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کردۆتە قوربانی خۆی.

ئەوەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئەم گەمەیە لە ئارادایە خەبات جەماوەریی، خەباتی کرێکاران، ژنان و لاوانی وەتەنگهاتووە لە دژی کۆماری ئیسلامی. ئەم خەباتە ڕۆژانە لە کارگا و کارخانەکان، لە شەقام و کۆڵان و شار و گوندەکاندا، لە مەدرەسە و زانکۆکا لە ئارادایە. دووایین نموونە خرۆشانی خەڵکی کوردوستان بوو.بە ئاکامی دەکرێت کە

■

## پاشماوەی: بزووتنەوەی ژنان لە کوردوستان، هەلومەرج و گیر و گرفتەکان

... هەر وەها فێمینیسمی نەتەوەیی، بۆ نموونە فیمینیسمی کوردی، ناتوانێت جوابدەرەوەی خواستەکانی ژنان و لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت. فەرهەنگی نەتەوەیی پڕە لە داب و نەریتی دواکەوتووی دژی ژن. لە خەباتی نەتەوەییدا ئەمانە پیرۆزن و بە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی دەزانرێن. بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان ئەگەر لە ڕیشەی ئەم چەشنە داب و نەریتە نەدات -جا چ نەتەوەی بێت، چ مەزهەبی و چ خێڵەکی- ناتوانێت خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان بە سەرەنجام بگەیەنێت. بە بڕوای من فمێنیسمی مارکسیستی ئەو شاخە لە فیمێنیسمە کە وەڵامدەرەوەی هەموو خواستە ڕەواکانی ژنانە بۆ ڕزگار بوون لە ئەسارەتی هەڵاواردنی جنسی. سەرکەوتنی مارکسیستەکانیش گرێ دراوە بە هاتنە مەیدانی ئەو نیوە لە کۆمەڵ کە زۆربەیان کرێکارن. ژنان تەنیا نیوەی کۆمەڵ نین بەڵکوو نیوەی چینی کرێکاریشن. شۆڕشی کرێکاری بەو ئەندازە کە ئەرکی پیاوانی کرێکارە ئەرکی ژنانی کرێکاریشە، بەو ئەندازە کە سەرکەوتنی گرێ دراوە بە بەشداری پیاوانی کرێکارەوە گرێش دراوە بە بەشداری چالاکانەی ژنانی کرێکار. کەواتە ئەو مارکسیستانەی کە ئیستراتیژی بە دەسەڵاتگەیشتنی چینی کرێکاریان لە پێش خۆ داناوە، ئەو مارکسیستانەی کە ڕیشەکەنکردنی هەموو هەڵاواردنەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، وە لەوانە هەڵاواردنی جنسی، بە ئەرکی خۆیان دەزانن و ئەو مارکسیستانە کە دەرکی گرینگی بەشداری ژنان لە خەباتی چینایەتیدا دەکەن نابێ دوو دڵی بکەن لەوەی کە بە خۆیان بڵێن مارکسیست فێمێنیست. لە لای من مارکسیسم فێمینیست شتێکی کەمتر لە لابردنی هەڵاواردنی جنسی لە سەر نیوەی لە کۆمەڵ و نیوەی چینی کرێکار نییە کە بڕیار وایە وێڕای ئەو نیوەکەی تر (پیاوان) لە شۆڕشێکی کرێکاریدا سەرجەم هەڵاواردنەکانی نیزامی سەرمایەداری ڕیشەکەن بکەن. مارکسیستەکانی کوردوستانیش دەبێ هەر بەم شێوەیە بێنە مەیدان و بە بەشداری کردنی چالاکانە لە بزووتنەوەی ژناندا ڕێبەرایەتی بە دەستەوە بگرن و نەهێڵن بە لاڕێدا ببردرێت. پەیوەندییە پیاومەزنانەکانی نێو کۆمەڵ بە جوڵانەوە خودچۆشەکان لە بەین ناچێت. هەربۆیە پێویستە زانستی فێمێنیستی لە لایەن هێزە ڕادیکاڵەکانەوە و لە نێو جەماوەردا تەبلیغ بکرێت. مێدیای چەپ و ڕادیکاڵ ئەرکی بردنە سەرەوەی ئاگاهی فێمێنیستی لە نێو خەڵکدا لە ئەستۆیە و دەبێت ئەم بەشە لە هەڵسوڕان بکاتە یەکێک لە گرینگترین بوارەکانی خەبات خۆی.

■

# کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائێل

پاشماوەی

هەر وەك دەزانن ئەم گەڵاڵەیە زیاترلە ساڵێك لەمەو پێش ڕاگەیەندراوە. دەوڵەتی ئاریەل شارۆن بەڕێوە بردنی ئەم پرۆژەیە کە دەیتوانی ئەوپەڕی لە یەك دوو مانگدا جێ بەجێی بکا ساڵێکی تەواوی پێوە گنخاند. لەم ماوەدا لە هیچ لایەکەوە باسێك لە درێژەی ڕەوتی وت ووێژەکان نەکراوە و هەمووکەس تەنانەت لایەنی ڕەسمی فەلەستینیش واتە دەوڵەتی مەحموود عەبباس بە چەند وچۆنی ئەم پرۆژەوە سەر گەرم کرابوون. گرینگتر لەمە هەروەك دەزانن ئاریەل شارۆن سیۆنیستە و لایەنگری ئیسرائیلی گەورە. شارۆن ئەم بۆچوونەی خۆی قەت نەشاردۆتەوە. لە مانگی فورییەی ٢٠٠١ لە مەدرەسەیەك لە بەیت الموقەدەس روو لە قوتابیەکانی ئەو مەدرەسەیە دەڵێ: «سەرانسەری خاکی ئیسرائیل واتە فەلەستین تاریخی هی ئیمە یەهوودیەکانە». بە پێی بۆچوونی سیاسی- مەزهەبی خۆی، ئاریەل شارۆن قەت لایەنگری پێکهاتنی دەوڵەتی فەلەستینی و بەو پێیە لە دەس دانی بەشێك لە خاکی فەڵەستین، بە تایبەت بەشی ڕۆژهەڵاتی بەیت الموقەدەس نەبوە و نییە. هەربۆیە سیاسەتی گنخاندن و خۆلێنەدان لە وت ووێژی جیددی، هەمیشە سیاسەتی دەوڵەتی ئاریەل شارۆن بووە.

بەڵگەی روون بۆ ئەم مەسەلەیە قسەکانی "وایس دوگلاس"ڕاوێژکاری سەرەکی ئاریەل شارۆن و نوێنەری دائیمی شارۆنە لە کۆشکی سپی کە لە وت ووێژێك لە گەڵ ڕۆژنامەی "حائارێتس" لە ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤دا دەڵێ: «ڕەوتی سۆڵح بە مانای پێکهاتنی دەوڵەتی فەلەستینی، کۆکردنەوەی شارۆجکەکانی بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن، گەڕانەوەی ئاوارە فەلەستینییەکان، دابەش کردنی بەیت الموقەدەس و... هەمووی ئێستا ڕاگیراوە.»

لە لایەکی ترەوە ئەم گەڵاڵەیە واتە پرۆژەی چۆڵ کردنی غەزە، لە باری ستراتژیکەوە نەك هەر قازانجێکی ئەوتۆی بۆ خەڵکی فەلەستین تێدا نییە، بەڵکوو ئەگەر بەوردی سەرنجی بدرێتێ تەنانەت بە زەرەریشیانە. ئەو شارۆچکانەی وا ئیسرائیل لە غەزە چۆڵی کردوون لە چاو شارۆچکەکانی بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن هەم بە ژمارە و هەم بە نفووسی دانیشتوانی هەر لە حیساب نایەن. سەرجەمی دانیشتوانی شارۆچکە چۆڵکراوەکان لە غەزە کە ئەو هەموە هەرایەشیان لە سەر ساز کرد، تەنیا ٧هەزار کەس بوون. ئەمە لەچاو ٢٥٠هەزار یەهوودی نیشتەجێی شارۆچکەکانی بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن و زیاتر لە ٢٠٠هەزار یەهوودی نیشتەجێی بەیت الموقەدەس هەر دیاری نادا. چۆڵکردنی ئەو شارۆچکانە زیاتر بە قازانجی خودی ئیسرائیل تەواو دەبێ تا بە قازانجی فەلەستینییەکان. بۆچی؟ چونکوو یەکەم، لە بەرانبەر ئەم حاتەم بەخشییەدا، ئیسرائیل ڕێگەی بۆ خۆشتر بوە کە شارۆچکەی زیاتر و گەورەترلە بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن دروست بکا. دووهەم، بوونی ٧هەزار یەهوودی لە نێو ١/٥میلیۆن فەلەستینیدا هەم گرفتێکی بەردەوامی ئەمنییەتی بوو بۆ ئیسرائیل و هەم بووجەیەکی قورسی ماڵیشی دەبوو بۆ سەرف بکەن. جگە لەمانە لە ماوەی هاتنە ئاراى ئەم گەڵاڵەوە تا ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام و بە پەلە درێژەی بە دروست کردنی دیوارە "ئەمنییەتی"یەکەی داوە و ئەوەندەی‌تر خاکی فەلەستینی دابڕدابڕ کردوە. بەم جۆرە دەبینین کە ئەگەر وەزعەکە هەروا بچێتە پێش، بە دروست کردنی ئەو دیوارە وبە سازکردنی یەك لە دوای یەکە شارۆچکەی تازە لە بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن فەلەستین وەها ئەنجن ئەنجن دەبێ کە ئیتر پێك هاتنی دەوڵەتێکی فەلەستینی مەعنایەکی نامێنێ.

**پرسیار:** درێژەی ئەم وەزعە چ کارگەرییەکی دەبێ لە سەربارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەردوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی و ئاکامەکەی بەرەو کوێ دەچێ؟

**وڵام:** بێگومان نائەمنی وباری نائاسوودەیی خەڵك، هەم لە ئیسرائیل و هەم بە تایبەت لە فەلەستین دەوری زۆر مەنفی لە سەر بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی داناوە. ئەم وەزعە، سەنعەتی توریسمی ئیسرائیلی کە یەکێك لە سەرەکی ترین سەر چاوەکانی داهاتی ئەو وڵاتە بوو بە تەواوی داخستوە. بە تایبەت بە دوای دەسپێکردنی ئینتفازەی دووهەمدا ئیسرائیل لە گەڵ قەیرانێکی ئابووری قووڵ دەستە ویەخەیە. نرخی گەشەی ئابووری کە ساڵی ٢٠٠٠زیاتر لە ٦لە سەد بوو، ئێستا تا ٢- لە سەد دابەزیوە. هەر لەم ماوەدا ئیسرائیل زیاتر لە ٥٠لە سەدی سەرمایە گوزارییە خارجەیەکانی لە دەس داوە. قەرزە خارجییەکانی دەوڵەت لە ٣٥لە سەدەوە ئێستا گەیشتوەتە زیاتر لە ٤٥لە سەد. سەرجەمی قەرزەکانی دەوڵەت لە ٩٣لە سەدەوە گەشتوەتە نزیکەی ١١٠لە سەد. ڕادەی بێکاری سنووری ١٥لە سەدی تێپەڕاندوە. گرانی و تەوەروم لە سفر لە سەدەوە گەیشتوەتە ١٠لە سەد. ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠لە سەدی خەڵك (و زیاتر لە ٣٠لە سەدی منداڵان) لە ژێرهێڵی فەقردا دەژین. جا ئەم وەزعە لە فەلەستین هەر زۆر خرابترە. بۆ بەرئاورد کردنی وەزعی ئابووری فەلەستین تەنیا ئەوەندە بەسە کە بلێین، ساڵی ٢٠٠٠لە فەلەستین ٢٠لە سەدی خەڵك لە ژێر هێڵی فەقردا دەژیان. ئەم ئامارە ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن زیاتر لە ٥٥لە سەد و لە ناوچەی غەزە زیاترلە ٨٥لە سەدە.

دیارە هەم نەبوونی ئەمنییەت و ئاسوودەیی و هەم نالەباری ئابووری دەوری کاریگەریشی دەبێ لە سەر وەزعی کۆمەڵایەتی. خەڵکی ئیسرائیل بە قسەی "یووسی بیلین" یەکێك لە وەزیرانی پێشووی حیزبی کرێکار، سەر لێ شێواون. لە هەڵبزاردنەکانی دەوری پێشوودا ٣٢لە سەدی خەڵك بەشدارییان نەکرد، ئەگەر ئەو ١٢لە سەدەشیان کە دەنگیان بە حیزبی "شینویی" داوە بەم ژمارەیە زیاد بکەین، بە قەولی ئاغای "بیلین" نزیکەی نیوەی خەڵکی ئیسرائیل هیچ بڕوایەکیان بە ڕەوتە دێمۆکراتیکەکان و لەوانە هەڵبژارنەکان نەماوە. ئاکامی ئەم ڕەوتە بەرەو کوێ دەچێ، هەر وەك لە سەرەتاش‌دا باسم کرد، لە هەموو کاتێکی‌تر نادیارترە. ئەوە تەنیا هاتنە مەیدانی ئیرادەی وشیارانەی بەرەی ئازادیخوازە لە هەر دوو لایە کە دەتوانێ ئەم ڕەوتە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین بگۆڕێ.

■

# بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان

پاشماوەی

... تێکۆشەرانی ئەم مەیدانە جیاواز لە مللیەت، زمان، و مەزهەب یان لامەزهەبی، لە ژێر چەترێک دا کۆ ببونەوە کە نارەزایەتی لە دنیای سەرمایە دەربڕن و داوای مافی منداڵان بکەن. تەلاشی بۆچونەکانی سسوسیال دێموکراسی، سەندیکالیستی و مەزهەبی، بە کردنی ئەم حەرەکەتە بە پاشکۆێ ئەم بیر و بۆچونانە لە لایان یەکیەتیە کرێکاریەکانەوە لە ئوروپا _ هەرچەندە کە لە خۆدی ئەم بزوتنەوەیەدا دوەرێکی وایان نەبوە،

بەڵام بونیان دیاریکەرە _ مەسەلەیەک کە دەبێ کەم تەرخەمی بارنبەری نەکرێ. بۆچی؟ چونکە مێژوی خەبات و ژیانی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە نیشانی داوە کە لە هەر کوێ سەر و گوێلاکی ئەم بۆچونانە کە هەر کامیان بە نۆبەی خۆی مەبەستی غەیری سیاسی کردنی ئەم حەرەکەتانەیان هەیە، دەرکەوێ، شکست و لە جێدا خۆلانەوەی ئەم جمجۆڵە نارەزایەتیانە حەتمییە.

ئەگەر تایبەتمەندیی دژی سەرمایەداری لە بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ وەربگیرێتەوە، دەبێتە شێری بە پرچ و کلک، کە دەبێ لەسەر ئەم میزی وتووێژ و ئەو مێزی وتووێژ، لەسەر برە حەق و ئەو ووردە مەجالانە، چەقە و چناکەی منداڵانا لێبدرێ. سپاردنی ئەم بزوتنەوەیە بە خودی منالان، و رێگا چارە پارلەمانتاریستیەکان، کە لە بریارنامەی منداڵانیش دا هاتوە، لەبەر بونی ئەم بۆچونانەیە لەم بزوتنەوەیە دا. سەندیکالیستەکان ئەرکی دیفاع لە مافی منداڵان بە خۆدی منداڵان دەسپێرن و لە ئاکام دا وەک هێزی پشت جەبهە پشتیوانی لێ دەکەن. بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەیکە بەرپرسایەتی منداڵان لە ئەساس دا لە ئەستۆی کۆمەڵگایە. ئەمە ناوەرۆکی سەندیکالیسمە کە لە قسە دا رادیکاڵ و لە کردەوە دا لیبراڵە.

دەقی هەر ئەم هەڵوەیستە سەبارەت بە مافی ژنان لە لایان ئەمانەوە بەردەوام بینیومانە و دەیبینین. ئەوان ئامادە نین لەسەر مافی منداڵان و خواستی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵان سینگیان بکەنە قەلغان. بەڵکو بە ئاسانی لەسەر مێزی وتووێژ بۆ دیاریکردنی بودجە بۆ بەرێوە چونی کونگرەکانی منداڵان دادەنیشن. دیارە ئەمە بە حیسابی خەباتی ئێستا و سنفی دادەنێن. بەدژی سەرمایەداری ناونانی ئەم بزوتنەوانە، وەک دێو لە بیسمیلا هەڵدین و خۆیان دەشارنەوە. دیسانەکە غافڵ لەوەیکە باوترین، رۆژانەترین، پیویست تری و خێراترین رێگای گەیشتن بە خواستە سنفیەکان، کێشە سیاسیەکان لەگەل ئەم نیزامە و لە ئاکام دا، تیکەوە پێچانی ئەم نیزامە بێ لیاقەتن.

ئەگەر تایبەتمەندی دژی چەوسانەوەی ئەم بزوتنەوەیە کە بە باشترین لەحنی منداڵانە لە لایان منداڵانەوە بەیان دەکرێ، لە دەستوری کۆبونەوەی بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ دەربهێنرێ، ئەوکات دەبێ لە بابەت خواستە زەروریەکان لەسەر مێزی وتووێژ دانیشین و شاهێدی هێنانە خواری تەمەنی منداڵی بۆ گرتنەوەی بیمە، دابەزینی ئاستی چۆنایەتی فێر کردن، بە پێی نیازەکانی کاری منداڵانی کرێکار و هتد بین سوسیال دێموکراسیش لە ریگای پارلەمان تاریسمیەوە لە هەمو جیگایەک لە حاڵی برینی سەری ڕادیکالیسمدا دەر دەکەوێ. داخوازی " پارلەمانیی منداڵان" کە لە بریارنامەی منداڵان دا هاتوە، نۆبەرەی باخی ئەم بۆچونەیە. مەزهەبیش بە نۆبەی خۆی، ددانی بۆ ئەم بزوتنەوەیە تیژ کردوە. بە هۆی ئەوەیکە باشترین سوژە بۆ گەڕاندنی زەرفی سواڵکەری، سوپی کلیسایی و دەستی ئەبولفەزل لە کاپی برنجی دایە. بەرانبەر بە هەموی ئەمانە، ئەرکی گران لەسەر شانی سوسیالیستەکان و بزوتنەوەی پێشرەوی کرێکارییە کە بە ئامادە بونی هەڵسوراو و دڵسۆزانە و ناسکتاریستی خۆیان ئەم بزوتنەوەیە دەبەنە پێش. دەتوانرێ بە کاری فەرهەنگی، لەگەڵ هەر مەرامێک، هەر مەزهەبێک، لە بزوتنەوەیەکی دژی چەوسانەوەی ئینسان، کار و هەڵسوران بکرێ، بەو مەرجەی کە خالّی هاوبەشتان هەڵوەشانەوەی چەوسانەوەی ئینسان بێ. تەنیا و تەنیا بەم شێوێە دەتوانرێ بەر بەم بۆچونانە و لە نیهایێەت دا، بەلارێدا چون و پاشەکشەی ئەم بزوتنەوەیە بگیرێ. لایەنێکیتری لەباری بزوتنەوەی هەڵوەشانەوەی کاری منداڵ، پشت بەستەن هەر بەم بنەما هاوبەشە و دوری کردن لە تەفرەقە و دوبەرەکێیە.

گۆڤاری پەیام گۆڤارێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یە کە مانگی جارێک بڵاو دەبێتەوە.
سەرنووسەر:
عادل ئەلیاسی
www.payam.se

## پاشماوەی: ...سەرهەڵدان و بەهێز بوونی تیرۆریسمی ئیسلامی

بە کەوتنە گەڕی زنجیرێک لە ئامرازی گواستنەوە ئاوییەکان و پێویستی دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ کەلوپەلە بەرهەمهاتووکانی وڵاتانی سەنعەتی، هاوسەنگی هێزی ئابووری بە قازانجی ڕۆژئاوا گۆڕا. هەروەها توانایی سەربازی جیهانی ئیسلام بەرەبەرە لاواز بوو و لە بەرانبەر سوپای تەیار بە چەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوا کاریگەری پێشووی خۆی لە دەست دا. بەم شێوەیە جیهانی ئیسلام لە دوو بواری سەرەکی ئابووری و سەربازیدا دوا کەوت و سنووری دەسەڵاتی حاکمانی بەرەبەرە بەرتەسک بووەوە.

زانایانی مێژوویی لە سەر ئەوە هاوبیرن کە لە سەدەکانی 17 و 18دا دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلام گەلێک کۆک بوون لە گەڵ بیری نزیک بوونەوە لە ڕۆژئاوا و کەڵک وەرگرتن لە پێشکەوتووی سەنعەتی و زانستی ئەم بەشە لە جیهان. تەنانەت بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئایینی کە زۆر کات دەوری ڕاوێژکاریان لە دەسەڵاتدا دەگێڕا، هەروەها توندڕەوە مەزهەبی‌یەکانیش، لەو بڕوایەدا بوون کە دەسەڵاتداریەتی ئیسلام بۆ بەردەوام مانەوەی حاکیمیەتی پێویستی بە مامەڵەکردن لە گەل ڕۆژئاوا هەیە کە بە گرژ و گۆڵییەکی بێوێنەوە ڕێگای سەنعەتی بوون و بە سەرمایەکردنی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دەپێوا. بۆ نموونە لە وڵاتی مێسر ژێنێراڵ "عەلی موحەمە" کە لەساڵی 1805 دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە یارمەتی لێزانایانی بریتانیایی هەستا بە پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرن لە چەشنی سوپا ئوروپایەکان، پڕۆگرامێکی نوێی ئابووری بۆ سەنعەتی کردنی وڵات داڕشت و ڕاوێژکاران و پیاوانی دەوڵەتی نارده وڵاتانی ڕۆئاوا بە مەبەستی فێربوونی سیستێمی ئابووری ـ سیاسی ئەو وڵاتانە. هەروەها لە دەهەی بیستی سەدەی هەژدەدا *سوڵتان مەحموودی دووهەم*، کە دەسەڵاتداری ئیمپراتۆری عوسمانیەکان بوو، دەستی دایە دامەزراندنی قەوارە ئابووری، ئیداری، قەزایی و بەڕێوەبەرییەکان لە سەر ئەساسی سیستمی نوێی ئابووری ـ سیاسی سەرمایەداری.

لەم ماوەیەدا هەست پێ دەکرا کە ئیسلامی توندڕەو، وەک خوازیاری دەسەڵات و هێزی هێشتنەوەی بارودۆخی کۆن، پاشەکشەی کردووە و کەوتۆتە پەراوێزی ئەم ڕەوتە نوێیەوە.

تا نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە بریتانیا تاکە زلهێزی سەنعەتی جیهان بوو. چەرخی کارگا و کارخانەکانی بە قیمەتی چەوساندنەوەی چینی کرێکاری ئەم وڵاتە و داگیرکردن و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتانی تر دەسوڕان. بە گەشەکردنی ئابووری سەنعەتی لە وڵاتانی تری ئوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشبڕکێ بۆ داگیرکرتنی هەرچی زیاتری بەشەکانی تری جیهان و تاڵانکردنیان لە کەرەستەی خام، دەستی پێ کرد. سەرەنجام ئابووری ئاسیا و ئافریقا بە تەواوی وێران بوو. دەسەڵاتدارانی ناوچەیی لەم وڵاتانە، کە زۆر جار دەسەڵاتی سیمبۆلیکیان پێ درابوو، ناچار کران بە تەواوی کورسی دەسەڵات بۆ هێرشی وڵاتانی سەنعەتی چۆڵ بکەن. بۆ نموونە فەرانسە وڵاتی ئەلجەزایری ڕەسمەن داگیر کرد و ساڵی 1882 میسر لە لایەن هێزەکانی ئینگلیسەوە بەتەواوی و ڕەسمەن دەستی بەسەردا گیرا. لە ماوەی ساڵەکانی 1880 تا 1920 ئافریقا، وڵاتانی ئاسیای ناوەندی و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزانی ئوروپادا ڕەسمەن دابەش کرا.

بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیسم بارودۆخی سیاسی جیهانی ئیسلامی بە تەواوی گۆڕا و ڕێگای گەشەی ئیسلام و هەوڵ بۆ دەسەڵاتی هەموار بوو. بەڵام تا سەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو ڕوانگەی "بە تەواوی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگە" لە پەراوێزی ڕوانگەی "یەکگرتووی هەموو مەزهەب و نەتەوە و ئایینەکان بۆ وەدەرنانی دەسەڵاتە دەرەکییەکان"دا بوو. لە زۆر وڵاتانی عەرەبی ئیسلامییە توندڕەوەکان، ناسیونالیستە عەرەباکان و مەسیحیەکان یەکگرتوو بوون بۆ دژایەتی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان. تەنانەت لە وڵاتێکی وەکوو هێند مولسوڵمامەکان و هیندووەکان هاوپەیمان بوو لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیس. فۆندامێنتالیسمی ئیسلامی کە خوازیاری ئیسلامیزە کردنی هەموو کۆمەڵگا و دژایەتی هەموو بیر و ئاینێکی دیکە بوو هەمیشە وجوودی هەبوو، بەڵام تێکەڵاوی ئەو کەش و هەوا دژی ئیمپریالیستی‌یە بوو کە لەم ناوچانەدا زاڵ بوو. بۆ نموونە " ئێخوانولموسلیمین "، کە جووڵانەوەیەکی تونڕەوە و تا ئێستەش هەڵسوڕاوە، لە ساڵی 1928 لە میسر پێکهات. بزووتنەوە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکەی "عبدالحمید" لە ئەلجەزایر لە ساڵی 1931دا پێکهات، کە ئەویش لایەنێکی توندڕەوی ئیسلامی بوو بەڵام تێکەڵی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە بوو کە دژایەتی دەسەڵاتی فەرەنسەیەکانی دەکرد.

لە چەند سەدە پێشترەوە ئاشکرا ببوو کە ئیسلام دەتوانێت هێزی جموجۆڵ سازکەری جەماوەری بێت و بە کەڵک وەرگرتن لێی دەکرێت جۆش و خرۆشی پێ ڕێک بخرێت.

"سەید جمال‌الدینی یەکێک لە ئیدئۆلۆژانی ئیسلامی توندڕەو بوو کە لە سەر ئەم ڕوانگەیە سوور بوو. ناوبراو لە لایەن زۆر کەسەوە وەک دامەزرێنەر و ئیدۆلۆژی فۆندامێنتالیسمی نوێی ئیسلامی دەناسرێت. ئەفغانی لە ساڵی 1838 لە ئێران لە دایک بوو بەڵام زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بە سەر برد. ساڵانێکی زۆر لە مەدرەسە دینیەکانی نەجەف و کەربەلا خوێندی و دواتریش وەک مامۆستای دینی دەرسی دەگوتەوە. ناوبرا موبەلغ و ووتەبێژێکی بەتوانا بوو کە دژی ئەو ڕوانگە زاڵەی نێو عولەما و پیاوانی دینی بوو کە پێیان وا بوو جیهانی ئیسلام دەبێ لە بەشەکانی تری جیهان تاک بکرێتەوە. بە بڕوای ئەفغانی ئیسلام تاکە ئامرازی کاریگەر بوو بۆ دژایەتی کردنی کۆلۆنیالیسم و دەسەلاتی دەرەکی، هەر بۆیە هەموو موسوڵمانان، بە بێ لە بەر چاوگرتنی جیاوازی خێڵەکی، نەتەوەیی و ڕەگەزی دەبوو یەک بگرن و بۆ وەدەرنانی ئەو دەسەڵاتانە و پێکهێنانی کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەر ئەساسی قورعان "جیهاد" بکەن.


ئەفغانی

ئەفغانی بە پێچەوانەی پیاوانی ئایینی سەردەمی خۆی داوای لە موسوڵمانان دەکرد کە لە گەڵ ڕۆژئاوا و جیهانی سەنعەتی تێکەڵ بن، سەردان بکەن و لە دەستکەوتە زانستی و تێکنیکیەکانیان کەڵک وەربگرن بۆ دژایەتی کردنی خۆیان. ئەفغانی پێی وابوو کە ئیسلام تاکە بیرێکە کە دەتوانێ زۆربەی جەماوەری وڵاتانی ئیسلامی بخرۆشێنێت بە بێ ئەوەی کە ناکۆکییە خێڵەکی، نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان ببنە کۆسپی سەر ڕێگا. هەر بۆیە لە گەڵ ئەوەی کە ئیسلامی بە ئاینێکی ئاسمانی دەزانی بە ئیدئۆلۆژییێکی سیاسیشی دادەنا کە دەبوو خەڵک لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆ بکاتەوە، دامەزراوە قەزایی و بەڕێوەبەریەکان لە سەر ئەساسی دامەزرێن و یاسا و ڕسومەکانی کۆمەڵ لە گەڵیدا ناتەبا نەبن. بەڵام لە هەمووی گرینگتر خوازیاری پەرەدان بە سنوورەکانی دەسەڵاتداریەتی ئیسلام بوو.

**سەیید قوتب** یەکێکی تر لە سیما ناسراوەکانی فوندامێنتالیسمی ئیسلامی‌یە کە لە بواری نەزەریی و فیکریدا بە یەکێک لە ئیدئۆلۆژەکانی دەژمێردرێت. ناوبراو لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتی میسر لە دایک بوو. هەر لە سەرەتای منداڵی‌یەوە ڕووی کردە مەکتەبە دینی‌یەکان و دواتریش خوێندنی ئایینی لە زانکۆدا درێژە پێدا.

سەید قوتب، وەک زۆربەی سیمای ناسراوەکانی ئیسلامی توندڕەو لە سەرەتادا تێکەڵاوی و نیزیکایەتی‌یەکی زۆری لە گەڵ جیهانی ڕۆژئاوا هەبوو، بۆ ماوەیەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ودوواتریش لە بریتانیا ژیاو دۆستایەتی نزیکی لە گەڵ گەورە پیاوانی ئەو وڵاتانەدا گەلێ پتەو بوو. بەڵام دوواتر ئەو پەیوەندی و دۆستایەتی‌یەی پچڕا و ڕووی کردە ئێخوانولموسلیمین و لە کودەتای ساڵی 1952دا، کە بووە هۆی هەڵپێچانی دەسەڵاتی پادشایەتی لە میسر، بەشداری چالاکانەی کرد. سەید قوتب بە نووسینی دەیان کتێب سەبارەت بە دەسەڵات دارییەتی ئیسلام و بونیادنانی کۆمەڵگا لە سەر بناغەی یاسای شەریعە، لە ماوەیەکی کورتدا بووە ڕێبەری ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان لە جیهانی عەرەبدا. ناو براو لە کتێب و نووسراوەکانی‌دا هەموو دەوڵەتانی جیهان، بە تایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە "لایەنگرانی شەیتان" دەناسێنێت و بە پەنابردن بۆ ووتەکانی قورعان بانگەوازی هەموو



سەید قوتب بە نووسینی دەیان کتێب سەبارەت بە دەسەڵات دارییەتی ئیسلام و بونیادنانی کۆمەڵگا لە سەر بناغەی یاسای شەریعە، لە ماوەیەکی کورتدا بووە ڕێبەری ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان لە جیهانی عەرەبدا.

موسوڵمانانی جیهان دەکرد کە لە دژیان "جیهاد" بکەن. هەروەها هەموو ئایین و ئیدئۆلۆژییەکانی تر بە بێ بایەخ و دەستکردنی دووژمنانی ئیسلام ناو لێ دەبات و خوازیاری لە ناوبردنی هەموویان بوو. لە ڕوانگەی قوتبەوە ئیسلام دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێت، شەریعە بکاتە سەرچاوەی هەموو یاساکان و پیاوانی ئایینی ببنە یاسادانەری کۆمەڵگا. دەوڵەتی ئەو کاتی میسر کە دەسەڵاتی خۆی لە مەترسی‌دا دەدی و پەرەسەندی لایەنگرانی سەید قوتبی هەست پێ دەکرد، لە ساڵی 1966دا ناوبراوی ئێعدام کرد. بەڵام ئێعدام کردنی ناوبراو هیچ کاریگەرییێکی لە سەر پەرەسەندی فۆندامێنتالیسمی ئیسلامی دانەنا و ئەم ڕوانگەیە هەروا لە پەرەسەند دایە.

درێژەی هەیە

بەرپرسایەتی ئەو نووسراوانەی کە بەناوی پەیامەوە بڵاو نابنەوە لە ئەستۆی نووسەرانی‌یەتی.
www.payam.se

## پاشماوەی: ئاخۆ دایکی ڕەشپێست دەزانێ " هێلیکۆپترەکانی ئاغای بووش" لە کوێن؟

ئەو دایکە ئافریقایەی کە سات بە سات شاهێدی لە برسا مردنی جگەرگۆشەکەیەتی، چی پێ دەکرێت کاتێک کە خاوەنانی خواردن و خواردنەوە سوودێکی ئابووری لە نەمردنی ئەو و منداڵەکەی‌دا نابینن؟ بنەماڵەیەکی هەژاری گەڕەکە حەسیرنشینەکانی بەغدا چی پێ دەکرێت کاتێک بۆمبی ناپاڵمی بەسەردا دەدرێت؟ ئەگەرچی کارەساتە سروشتی‌یەکان کردەوەی ڕاستەوخۆی مرۆڤ نیین، بەڵام ئاکامەکان و تاوان و زەرەر و زیانەکانیان سەرەنجامی کردەوەی خودی مرۆڤە! ئەگەر هەموو ئەو زانست و تواناییانەی کە مرۆڤ خاوەندیەتی و لە بەر دەستدایە بخرێنە گەڕ بۆ نموونە بۆ درووست کردنی ماڵ و بینا لەو ناوچانەدا کە بوومەلەزە تێیاندا ڕوودەدات و گواستنەوەی دەست بەجێی پیداویستی پزشکی و خواردن بۆ ناوچە گیرۆدە بووەکان بە ڕەشەبا ولافاو ... هتد ـ ئەو کات کارەساتە سروشتی‌یەکان قوربانی گیانیان نابێت و ئەگەریش بیانبێت ئەوا 100/1 قوربانیانی ئەورۆ دەبێت.

لە سەرەتای مانگی سێپتامبردا تۆفانی "کاترینا" شاری New Orleans و ناوچەکانی دەور و بەری بە تەواوی وێران کرد و وێڕای ئاوەرەیی زیاتر لە یەک میلون کەس، باس لە کوژرانی دەیان هەزار کەس دەکرێت. ئەگەر هەواڵنێران باسیان نەکرنبایە کە ئەم کارەساتە سروشتی‌یە لە ئەمریکا ـ تاکە زلهێز و دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان ـ ڕووی داووە، ئەوا بینەری تیلیڤیزیون و خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێی وا دەبوو لە وڵاتێکی هەژاری ئەفریقای‌دا ڕووی داوە؛ بە دەیان هەزار کەس، کە زۆربەیان ڕەشپێست بوون، بەبێ جل و بەرگ و نیوەگیان لە بەر دەرکی ماڵی وێران و لە سەر شەقامی نووقمی ئاو ڕیزیان بەستبوو و هاواریان دەکرد: "یارمەتی، یارمەتی" . زیاتر لە 6 ڕۆژ بەسەر ڕوودانی ئەم کارەساتە چاوەڕوانکراوەدا تێدەپەڕی کەچی هیچ جەشنە یارمەتی‌یەک دیار نەبوو. ئەو دەوڵەتەی کە ساڵانە لانیکەم 800 میلیارد دوولار بە هێزی سەربازی و چەکی کۆمەڵکوژەوە تەرخان دەکات، ئەو دەوڵەتەی کە تەنیە لە یەک ڕۆژدا 700 میلیون دوولارخەرجی شەڕ لە عێراق دەکات و ئەو دەوڵەتەی کە بۆ کوشتنی زیاتر لە 100 هەزار خەڵکی بێتاوان لە عێراق زۆر بە دەست و برد و گرژ و گۆڵە، کەچی بۆ یارمەتی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی لە کارەساتێکی چاوەڕوانکراودا نە پوڵی هەیە و نە هێز و نە هەست و مێشکی دەست بردن بۆ یارمەتی!

لە سەر شاشەی تەلەفیفیونەکان وێنەی دایکێکی ڕەشپێست بڵاو کرایەوە کە دوو کۆرپە ساواکەی بە نیوەگیانی لە ئامێزدا بوو. بۆ خۆی بێهێز و ماندوو دەهاتە بەر چاو و برین لە سەراپای ڕوومەتی دەبیندرا. ئەویش هاوکات لە گەڵ دەیان کەسی تری دەور و بەری هاواری دەکرد: "یارمەتی! یارمەتی!". بۆ کورتە ساتێک دەنگەکانی تر بێدەنگ بوون، لەو کاتەدا دایکی بێهێز و گیان ڕووی لە ئاسمان کرد و هاواری کرد : "ئاغای بووش، هێلیکۆپترەکانت لە کوێن؟".

ئاخۆ ئەم دایکە دەزانێ کە "هێلیکۆپتێرەکانی ئاغای بووش" هەموو ڕۆژێک لە شوێنی تر سەرقاڵی خوڵقاندنی کارەساتن؟ ئاخۆ دەزانێت کە بە سەدان هەزار دایک شەو و ڕۆژ چاویان لە ئاسمانە نەوەک "هێلیکۆپتێرەکانی ئاغای بووش" پەیدا بن و دووایین کۆرپەکەیان لەت و پەت کەن؟ ئاخۆ دەزانێت کە بۆ هەزاران دایک و منداڵ "هێلیکۆپتێرەکانی ئاغای بووش" سیمبۆلی مەرگ و پەیامهێنەری کارەساتن نەک نەجات لە کارەسات؟

# payam

No. (20)Sep. 2005

ژمارەی (20) سێپتامبری 2005 زایینی


مەڵپەڕی نوێی گۆڤاری پەیام لە سەر تۆڕی ئینترنێت!

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە گۆڤاری پەیام لە دریژەی هەڵسوڕانی خۆی دا مەڵپەڕیکی نوێی لە سەر تۆڕی ئینترنێت کردۆتەوە. بە کەڵک وەرگرتن لە ناو و نیشانی: www.payam.se دەتوانن لە بابەتە چاپکراوەکانی گۆڤاری پەیام و گەلێک بابەتی تر کەڵک وەر بگرن.

www.payam.se

## ڕاپۆرتێکە لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابووردوو و مانگرتنی سەراسەری لە کوردوستان کە لە ژمارەی 32حەفتەنامەی "کرێکار" لە سوئێد بلاو بۆتەوە.

ئەم بابەتە ڕاپۆرتێکە لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابووردوو و مانگرتنی سەراسەری لە کوردوستان کە لە ژمارەی 32 حەفتەنامەی "کرێکار" لە سوئێد، بە ڕێکەوتی 12 تا 18 یولی 2005 بلاو کرایەوە. ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن فەرهاد شەعبانییەوە لە سوئێدیەوە وەرگێڕدراوە.

ڕاپەڕینی کوردەکان لە ئێران گەورەترین ڕاپەڕین لە 25 ساڵی ڕابردوودا لە کوردوستانی ئێران بەڕێووە دەچێت. لە حەوتووی ڕابردوودا و لە ئاکامی خۆپیشاندان و ئێعتێرازی خەڵکی کوردوستان لانیکەم 20 کەس گیانیان لە دەست داوە. ڕژیم بۆ سەرکووتکردنی ئەم ڕاپەڕینە 100 هەزار هێزی سەربازی ناردۆتە ئەم ناوچەیە. بەڵام جیهان تا ئێستە لە بەرانبەر ئەم ڕووداوانەدا بێ دەنگ بووە

ڕاپەڕینەکانی ئەم دوایانە لە کاتێکدا سەریان هەڵدا کە یەکێک لە هەڵسوڕاوانی کورد بە ناوی "شوانەی قادری" ڕۆژی 9ی یولی لە شاری مەهاباد بە دەستی هێزە نیزامییەکانی ڕژیم دەسرێژی لێ کرا. هێزە ئینتیزامییەکان لەشی نیوەگیانی شوانەیان بە پشتی ماشێنەوە بەست و لە شەقامەکانی مەهاباددا گەڕاندیان، دوواتر لەشیان بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە و لەت و پەت کرد. لەشیان کوون کوون کرد و نینۆکەکانیان هەڵکێشا و بەم شێوەیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان.

دووابەدوای ئەم ڕووداوە خەڵکی تەواوی شارەکانی کوردوستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەستیان دایە ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕین. ڕژیم هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ تا ڕاپەڕینی پەرەسەندووی. جەماوەر دامرکێنێتەوە

سێ شەممەی ڕابردوو دانیشتوانی شاری سەقزیش ڕژانە سەر شەقامەکان و بینا دەوڵەتییەکان، بانکەکان و ماشێنە دەوڵەتیەکانیان ئاگر تێبەردا. ژنان لە بوارێکی بەریندا لەم ڕاپەڕینەدا بەشداریان کرد و جاری واش کە هێزەکانی ڕژیم سەرقاڵی ی دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران بوون هێرشیان دەکردە سەریان.

شا ری سەقز کە ناوەندی ئێعتێرازات کرێکارییە و ناوی لە هەموو ئێران لەسەر زمانەکانە (بڕوانن ژمارەکانی 53 ـ 51 ئەم حەفتەنامەیە) خۆپیشاندەران کەوتنە بەر دەسرێژ و لەوانە لە لایەنە هێلیکۆپتێرەوە هێرشیان کرایە سەر.

مەحموودساڵحی، ووتەبێژی کۆمیتەی یەکییەتییە سەربەخۆوە کرێکارییەکان و ڕابەری هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز، لە دووانێکدا بۆ حەفتەنامەی "کرێکار" بەم شێوەیە باس لە بارودۆخی شار دەکات:

و لایەنگرانی مافی مرۆڤ گیراون. تەنیا لە شاری سەقز زیاتر لە 200 کەس گیراون. مەحمووود سالحی بۆ خۆی براوەتە بازجوئی، بەڵام دواتر ئازادکرا و پێی ووتراوە کە تا ڕاگەیاندنی دوایی دەبێ لە لای بنەماڵەکەی بمێنێتەوە.

. کۆمەڵە (هێزێکی چەکدارە لە کوردوستان) بانگەوازی خەڵکی کوردوستانی کرددوە بۆ مانگرتنێکی گشتی لە ڕۆژی یەکشەممەدا. بە پێی مالبەڕی "iranfokus.com" لە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا خەڵکێکی زۆر بەرچاو ناکەون. هێزە

### خەڵکی کورد زیاتر لە خەڵکانی تر ناسیونالیست نیین. ئەوەی کە ئەورۆ لە کوردوستان ڕوو دەدات سەرەنجامی خەباتێکی ڕادیکال و پشت ئەستوور بە کرێکاران و لاوانی بێکارە کە داهاتوویەکی ڕوونیان لە پێشدا نییە

"خەڵک بەشێوەیەکی فراوان ڕژاونەتە شەقامی شار، بە بێ ئەوەی کە هیچ ترسێک پێشیان لێ بگرێت و لە کاتێکدا کە لە ژێر دەسرێژی گوللەی هێزە نیزامی یەکاندا بوون، دروشمی دژی ڕژیمیان دەگوتەوە و وەڵامی گوللەی هێزە نیزامی یەکانیان بە هاویشتنی بەرد دەدایەوە. لە ئاکامی خۆپیشاندان و ئێعتیرازی شەوانە وڕۆژانەی شاری سەقز 14 کەس کوژراون و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بوون. بەڵام بریندارەکان لە ترسی هێزە ئەمنی یەتییەکانی ڕژیم لە گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەکان خۆ دەپارێزن. نیزامییەکان و پیاوانی دەوڵەتی لە نەخۆشخانەکان جێگیر بوون و پزشکانیان لە ژێر چاوەدێری یە تا سەردانی بریندارن لە ماڵەوە نەکەن. هەر بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بریندارەکان گیانیان لە دەستداوە."

دەگوترێت کە لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا زیاتر لە 20 کەس کوژراون و زیاتر لە 300 کەسیش گیراون. وێڕای ئەمانەش ژمارەیەک لە ڕابەرانی ناسراوی کورد

نیزامییەکان هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی زیاتر لە 2 کەس دەخەنە بەر لێپرسینەوە. ئەوانەی کە کارتی پێناسیان پێ نەبێت دەگیرێن. ڕۆژی مانگرتنەکە هێلیکۆپترەکان لە ئاسمانی شارەکاندا دەسوڕانەوە.

فەرهاد شەعبانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و دانیشتووی شاری ئوپسالا چوار خواستی سەرەکی مانگرتنەکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

ـ ڕاکێشانی سەرنجی بیر و ڕای نێونەتەوەیی بۆ جینایەتەکانی ڕژیم لە کوردوستان.

ـ ئازادکردنی تەواوی زیندانیانی سیاسی و گیراوەکانی ڕاپەڕینی ئەم دوایانە ـ کۆتایی هێنان بە میلیتاریسم لە کوردوستان.

ـ و قبووڵ کردنی مافدی ئێعتراز بۆ خەڵکی کوردوستان.

شەعبانی لەو بڕوایەدایە کە ئەم مانگرتنە سەرکەوتوو بوو. سەرکەوتوو بوو چوونکە یەکگرتوویی خەڵکی کوردوستانی نیشان دا، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کە مێدیای جیهانی، لەوانە BBC و ڕادین فەرانسە


Kurderna revolterar i Iran

Det största upproret på 25 år rasar just nu i de iranska delarna av Kurdistan. I förra veckan dödades minst 20 människor i demonstrationer, den iranska regimen har sänt 100 000 soldater för att kväsa protesterna och fullt undantagstillstånd råder. Men hittills har omvärlden blundat för händelserna.



Mahmoud Salehi.

هەواڵ و گوزارشی ئەم ڕووداوە بڵاو بکەنەوە.

لە ساڵی 1980، 81 بە دوواوە ئەمە یەکەمین جارە کە خەڵکی کوردوستان بەم شێوە بەرین و یەکگرتووانە دەست دەدەنە ناڕەزایەتی و بەم شێوەیە دەکەونە بەر هێرشی دڕندانەی هێزە نیزامییەکان. جیاوازی یەکی تر ئەوەیە کە لەم ڕووداوانەی هێزی پێشمەرگە بەشدار نەبووە و جەماوەری خەڵک بۆ خۆیان ڕێکخەر و بەڕێوەبەری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بوون.

ئایا ئەمە بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی یە کە دیسانەوە وەخەبەر هاتووە؟

خەڵکی کورد زیاتر لە خەڵکانی تر ناسیونالیست نیین. ئەوەی کە ئەورۆ لە کوردوستان ڕوو دەدات سەرەنجامی خەباتێکی ڕادیکال و پشت ئەستوور بە کرێکاران و لاوانی بێکار کە داهاتوویەکی ڕوونیان لە پێشدا نییە. ئەمە خەڵکی چەوساوە و ستەم لێچووە کە دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی دەربڕین. لە شاری سلێمانی لە کوردوستانی عێراق، ڕۆژی شەممە 400 کەس لە دژی سیاسەتی سەرکووتگەرانەی ڕژیمی ئێران لە کوردوستانی ئەو دیوی سنوورەکان، دەستیان دایە نارزایەتی دەربڕین. هاوکات کۆمەڵە بانگەوازی

ڕێپێوانێکی لە مەیدانی ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم دەرکرد کە زیاتر لە 300 کەس تێیدا بەشداریان کرد. ڕێکخراوی عەفوی جیهانی نیگەرانی خۆی لە بابەت ڕووداوەکانی کوردوستان دەربڕی و خوازیاری ئەوە بوو کە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەڕێوە بچێت.

ڕژیمی ئیسلام ددانی بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دووایانەی خەڵکی کوردوستاندا نا، بەڵام ئەم ئێعتیرازانەی بە کردەوەی چەند گێرەشیوێن ناو برد. لە ڕۆژێکەوە کە مەحمود ئەحمەدنژاد بە پۆستی سەرۆککۆماری گەیشتووە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە ئێران و بە تایبەت لە کوردوستان، خوزستان، مەشهەد و زۆر شاری دیکە بە شێوەی بەردەوام بەڕێوە دەچن. هەواڵنێری ڕویتر ڕۆژی سێ شەممە هەواڵی کوشتنی چوار پۆلیسی ئێرانی لە تێکهەڵچوون لە گەڵ پارتیزانانی کورددا بڵاو کردەوە کە لە نزیک شاری ئورومی یە ڕووی دابوو. هەروەها لە ئاکامی ناڕەزایەتی یەکاندا سێ نیزامی کوژراون.